
# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی پێنجەم ژمارە(117) بەرواری 15-3-2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، پەڵەیەکی نەنگە بەناوچاوانی دەسەڵاتی بەعس و ئێران و سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتییەوە.

## شەپۆلێکی تر لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەرێوەیە...

موچەخۆران لەبەرامبەر بە داوکەوتنی موچەکانیان. کاسبکاران بەهۆی باج و سەرانەی سەد سەرەوە. مامۆستایانی وانەبێژ، بۆئەوەی دابمەزرێن. ژنان لەبەرامبەر بەردەوامی هیرش بۆسەر مافەکانیان و کوشتاری بەردەوامی ژنان و بێدەربەستی دەسەڵات. کریکارانی ژینگە پارێز بۆ موچە دواکەوتووەکانیان. کرێکارانی نانەواخانەکان، شوفێرانی پاس و تەکسی، بۆ گازو سوتەمەنی. خوێندکاران بۆ خواستی دەرماڵەو خزمەتگوازی بۆ بەشە ناوخۆیەکانیان و بەشی زۆری خەڵک بۆ سوتەمەنی و لەبەرامبەر... گران بوونی شتومەکدا... بەشێوەی جیا جیا لە مەیدان دان و خەریکی نارەزایەتی دەربرینن... نارەزایەتی بەشی هەرەزۆری بەش و توێژەکانی کۆمەڵگە لایەک و کریکاران بەتاییبەتیش کرێکارانی



بۆ لاپەڕە 2

## کرێکارانی ژینگە پارێز بۆ موچەی دواکەوتویان و زیادکردنی موچەکانیان دەستیان دایەوە مانگرتن...



بەرواری شەممە ١٢ ئەم مانگە جارێکی تر بەشێکی زۆر لە ژینگە پارێزانی ناوچەی پشدەر و بیتوین، دەستیان لەکار هەڵگرت و دەستیان دایەوە مانگرتن. هۆکاری دوبارە دەستبردنی کرێکارانی ژینگە پارێز بۆ مانگرتن و کۆبونەوەی نارەزایەتی، دواکەوتنی موچەکانیانە بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ رۆژ و بێ بەڵێنی کۆمپانیاکان بەوەی...

بۆ لاپەڕە 3


## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* ٣١ ساڵ بەڵێنی بێ کردار و بایکۆتی یادی هەڵەبجە.............................ل3
* ماریا نەوال سەعداویەکەی ئێمەبوو، کەم ژیاو دروست نابێتەوە.........ل4
*ژن لە ئەدەبی سۆشیالیستەکاندا/ کارل مارکس و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ...ل4
* جەنگ لە ئۆکرانیا، بەوێنەی گۆشەیەك لە جەنگێکی فراوانتر...............ل6
* دیاردەی نامۆ و دزێو و هاوبەشەکانی ڕابەرانی ناسیونالیستی...........ل 10


## دۆسیەی ژمارە" پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق"



هەریەك لە هاوڕێیان سەمیر نوری و ستار حەمە عەلی ناسراو بە" ستاری چیمەنتۆ" بەشداری دۆسیەکەیان کردووە...ل11-12



## وتەی ژمارە

# پەیامی پشت هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر هەولێر

**سەرنووسەر**



سەرلەبەیانی رۆژی یەکشەممە بەرواری ١٣ی ئەم مانگە، جارێکی تر چەند بنکەیەکی هێزەکانی ئەمریکا لە شاری هەولێر کەوتنە بەر هێرشی موشەکی و بووە مایەی دڵەڕاوکێی هاوڵاتیان.

ئەمە یەکەم جار نییە بنکەکانی ئەمریکا لە هەولێر دەکەونە بەر هێرشی موشەکی و درۆنەکان، بەڵام ئەوەی تازەیە لەم موشەک بارانەدا ئەوەیە کە ئەمجارە هێزە ڕاسپێردراوەکانی ئێران لە عێراقدا هێرشیان نەکردووە، لەناو عێراقەوە موشەکەکان ئاراستە نەکراون، بەڵکو ئەمجارە ڕاستەوخۆ موشەکەکان لە ئێرانەوە ئاراستەکراون و هاوکاتیش سوپای پاسداران بەرپرسیاریەتی خۆی لە هێرشەکە راگەیاندووە. ئەمەش ئاڵوگۆرێکی تازەیە لە مامەڵەی ڕژێمی ئێران لە عێراق و لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان و لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی.

پاشەکشەی ئابرووبەرانەی سوپای ئەمریکا لە عێراق، لەسەر دەستی هێزو دەستەجاتی میلیشیایی سەر بەئێران، ئێرانی لە بەرەیەکی جەنگدا، سەرخستووە، بەڵام هێشتا ئەمریکا بەمانەوەی کونسوڵخانەو بنکەکانی هەواڵگری، کۆتایی بە دەستێوەردان لە عێراقدا، بە کۆتایی نەگەیاندووە. ئێران دەیەوێت چ لە عێراق و کوردستاندا، نمایشی سەرکەوتن و باڵادەستی خۆی نیشانی ئەمریکا بدات، بەتاییبەتیش کە لەمەیدانی دیبلۆماسیدا، ئێران لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی لە دانووستاندن دایە... ئەم هێرشە گوشارێکە بۆسەر مێزی گفتوگۆ لە دانوستاندنەکاندا، هاوکات هوشیاری دانە بەدەسەڵاتی عێراق و هێزە باڵادەستەکانی کە ئێران دۆسیەیەک نییە بۆ فەرامۆش کردن، هێزەکانی سەر بەئیران، هێزی بێ

بۆ لاپەڕە 2


پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

پشتیوانی نین و هەوڵدان بۆ کەنارخستنیان باجی قورسی بەدواوەیە. بەجیا لەوانە پەیامێکی ئاشکرایە بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، کە دەسەڵاتێکی ناجێگیر و شلۆقەو هەر تەکان و دەستێوەردانێکی سادە دەتوانێت کەناری بخات. جیا لەهەموو ئەمانە هێرش لە ئێستادا کە روسیای هاوپەیمانی ئێران لەجەنگدایە لەگەڵ ئۆکرانیاو بلۆکی پشتی لەوانەش ناتۆ و غەرب و ئەمریکا، پەیامێکی رۆشنە بۆ ئەمریکا، کە ئێران هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی بکاتە نیشانەو نەک پشتی جەبهەی روسیا، بەڵکو سەنگەرێکی هەمیشە ئامادەیە. لەم هێرشەو هێرشەکانی پێشودا بۆسەر بارەگا و قونسوڵخانەی ئەمریکا لە عێراق و کوردستان، بۆ ئێران گرنگ نییە چەند کەس لە هێزەکانی ئەمریکا دەکوژرێن یان بریندار دەبن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە پەیامی سیاسی خۆی بگەیەنێت و لەو بارەیەشەوە سەرکەوتوو بووە.

ئامانجەکانی ئێران لەم هێرشانەیدا، هەرچی بێت و بەهەر ئاستێک بچێتە پێشەوە، تەنها پەیوەست نییە بە ئەمریکا و حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی هەرێم، بەڵکو بەجیا لەوانە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر خەڵکی کودستان و ئیرادەی سیاسی ئەوان هەیە و ژێرپێخستنی ئیرادەی سیاسی ئەوانە، نائەمن کردنی شوێنی ژیان و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندنە.. ئەگەر ئەمریکا و عێراق لەگەڵ ئێراندا هەر کێشەیەکیان هەبێت و لە بەرزو نزمی ململانێکانیاندا، یەخەگیری یەکتری ببن و هێرش بۆسەر یەکتری و لە پێناو بەرژەوەندیەکانیان و بۆ چوونە پێشی خواستەکانیان، بژاردەیەک بێت. بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان ململانێی ئەمریکا و ئێران لە گۆرەپانی سیاسی عێراق و کوردستاندا، جگە لە مەرگەسات ئاڵۆزکردنی دۆخی سیاسی و ئەمنی شتیکی زیاتر نییە. بۆیە چ بوونی بنکەو قونسوڵخانەی ئەمریکاو چ حزوری ئێران و هیزە نیابەتیەکانی، لە عێراق و کوردستاندا، بەهیچ جۆرێک لە خزمەتی خەڵکی عیراق و کوردستاندا نییە. بۆیە پێویستە خەڵکی عیراق و کوردستان، لەیەک کاتدا لەدژی هەردوولایان بن و خوازیاری چوونە دەرەوە و کۆتاییهێنان بە دەستێوەردان و دوورخستنەوەی ململانیکانیان بن لەم گۆرەپانە.

ئەوەی جێگای ڕامانە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، لەگەڵ ئەوەدا سوپای پاسداران بە ئاشکرا بەرپرسیارییەتی خۆیان لە هێرشەکە راگەیاندووە، کەچی لەجێگای ئیدانەکرنێکی ئاشکرا، باسی بەدواداچوون و گەیشتن بەراستییەکانی پشت هێرشەکە دەکەن!. هەروەها داوا لە پەرلەمانی عێراق و دەسەڵاتی بەغدا دەکەن سنورەکانی بپارێزێت و بە ئەرکی خۆی لە پەیوەند بەسەروەری عێراق، هەڵسێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە خودی دەسەلاتی سیاسی هەردوو زۆنی هەرێم پارتی و یەکێتی، خۆیان پەلکێشی هێزەکانی ئێران و تورکیا بۆسەر کوردستان دەکەن و لەبەرامبەر بە هێرش و دەستێوەردانەکانیان نەک هەر بێدەنگن، بەڵکو بەکردەوە هاوکاریانن و وەکو هێزی دۆست و هاوپەیمان دەیان ناسێنن.

## ناوەراستی ئازاری ٢٠٢٢

## درێژەی...شەپۆلێکی تر لە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرک بەڕێوەیە...

ژینگە پارێز، سەرەتای بڕگەیەکی تر لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییە، کە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا شەپۆل دەدات.

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا جگە لە کەمایەتیەکی کەمی موچەخۆری حزب و خاوەن کۆمپانیا و مستیک سەرمایەدار و بازرگان، باقی جەماوەری کریکار و بێبەشی کوردستان، لە مامۆستا و کارمەندو لاو و خوێندکارەوە بۆ دوکانداروکاسبکار و ژنان و ئازادیخوازان و رۆژنامەنووس و ... تاد، بەو راستییە گەیشتون کە دەسەلاتی سیاسی ئەوەی باکی پێی نەبێت، ژیان و گوزەرانیانە، و بەو راستیەش گەیشتوون ئەو دەسەلاتە چاکسازی هەڵناگرێت. بۆیە نارەزایەتی لەهەموو گۆشەو کەنارێکی کۆمەڵگەدا یان لە ئارادایە یان بەرەو ئەوە دەچێت بێنە سەرشەقامەکان و تا نەفرەتی خۆیان لەدەسەلات دەرببرن و داوای خواستە زۆر سادەو رەواکانیان بکەن. ئەم هەموو نارەزایەتییە جەماوەری و ئەو نەفرەتە قوڵ و پەنگ خواردووە، تەنها لە ئاستی داخوازییەکاندا راناوەستێت و بەر پێگرتنیشی لە تواناادا نییە. هەروەها بەجیا لەدەسەلات هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان، تەواو ریسوا بوون و خەڵکی کوردستان بەشێوەی گشتی متمانەیان پێیان نییە. لە دۆخێکی ئاوادا، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەگەڵ هاتنە مەیدانیدا بەشێوەی سەراسەری و فراوان و تێکهەڵکێش بوونی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان لەگەڵ یەکتری، دەتوانێت سەرەتایەکی باشی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئەم بڕگەیە بێت. ئەوەی گرنگە رابەران و هەلسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، هەم رۆڵی بەرجەستەیان لە وەرێخستنی بزوتنەوەکە و لەلێکهەڵپێکان و سەراسەری کردنەوە و ریکخراو بوونیدا هەبێت و سەربەخۆییەکەی بپاریزن، و لەدەوری ئاسۆیەکی شۆرشگێرانە، کۆببنەوە کە بتوانێت تەکانێکی کاریگەر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری بدات و ئەو هاوسەنگی هێزە زۆتر بە سودی جەماوەری بێبەش بگۆرێت و تا ئەو رادەیەی بتوانێت چەند سەنگەرێکی پێشرەوانە بگرێت، بۆ نەبەردەکانی داهاتووی. ئەوەی رۆشنە ئەوەیە بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری و ڕاسانێکی ڕەوای پر تورەیی لە دژی دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوەیە، پێویستە بۆ ئەو راسانە نەک ئامادەبین بەتەنها، بەڵکو پێویستە رابەران و هەڵسوڕاوانی کریکاریی و جەماوەری رۆڵی جوڵاندن و وەگەرخستن و رێکخراوبوون و رابەرییەکەی بەدەستەوە بگرن، ئەمە زامنی سەرکەوتنی دەکات.

## لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

پاشەکشەی ئابڕووبەرانەی سوپای ئەمریکا لە عێراق، لەسەر دەستی هێزو دەستەجاتی میلیشیایی سەر بەئێران، ئێرانی لە بەرەیەکی جەنگدا، سەرخستووە، بەڵام هێشتا ئەمریکا بەمانەوەی کونسوڵخانەو بنکەکانی هەواڵگری، کۆتایی بە دەستێوەردان لە عێراقدا، بە کۆتایی نەگەیاندووە. ئێران دەیەوێت چ لە عێراق و کوردستاندا، نمایشی سەرکەوتن و باڵادەستی خۆی نیشانی ئەمریکا بدات، بەتایبەتیش کە لەمەیدانی دیبلۆماسیدا، ئێران لەگەڵ ئەمریکا لەسەر ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی لە دانووستاندن دایە... ئەم هێرشە گوشارێکە بۆسەر مێزی گفتوگۆ لە دانوستاندنەکاندا، هاوکات هوشیاری دانە بەدەسەڵاتی عێراق و هێزە باڵادەستەکانی کە ئێران دۆسیەیەک نییە بۆ فەرامۆش کردن، هێزەکانی سەر بەئیران، هێزی بێ پشتیوانی نین و هەوڵدان بۆکەنارخستنیان باجی قورسی بەدواوەیە.

# درێژەی... کرێکارانی ژینگە پارێز بۆ موچەی دواکەوتویان و زیادکردنی موچەکانیان دەستیان دایەوە مانگرتن...

کەلەبەرامبەر مانگرتنی رۆژانی پێشوو بەڵێنیان دابوو، کە موچەی کرێکارەکان لە کاتی خۆیدا بدەن. هەروەها زیادکردنی موچەکانیان لە ٣٥٠ هەزارەوە بۆ ٤٥٠ هەزار دینار، خواستێکی تری کرێکارانی ژینگە پارێزە.

خاوەن کۆمپانیاکان پێشوتر لە بەرامبەر بە نارەزایەتی و مانگرتنی چەند ڕۆژەی کرێکاراندا، بەڵینی دانی موچە و پابەند بوونیان بە کاتی دابەشکردنی موچە دابوو، کە هەموو سەری مانگێک موچەکانیان لە کاتی خۆیدا پێبدات، کەچی نەک ئەو بەڵێنەیان نەبردە سەر، بەڵکو




باسی ئەوە دەکەن کە کرێکاران تەنها دوو رۆژ بێن بۆ کارکردن لە بەرامبەریشدا تەنها ١٥٠ هەزار دینار موچە بدەن... بەمەبەستی ئەوەی خیرایی کاری سەر کرێکارەکان زیاد بکەن و قازانجی زیاتر دەستەبەر بکەن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کۆمپانیاکان، نەک نیازی بردەنە سەری بەڵێنەکانیان نییە، بەڵکو بەدوای کەمکردنەوەی کاری کرێکارانەوەن بۆ نیوەو لەبەرامبەریشدا کەم کردنەوەی کرێکانیان بۆ نیوە موچە... ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگە پێویستی زیاتری بە پاککرنەوەی گەرەک و شەقامەکان هەیەو تا ئێستا دەیان شەقام و گەرەک لەلایەکەوە بەهۆی مانگرتنی کرێکاران و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی راگرتنی کاری پاککردنەوە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، نوقمی خاشاک و پیسین.

خواستی کرێکارانی ژینگە پاریز چ بۆ ئەوەی موچەکانیان لەکاتی خۆیدا بدرێت و چ بۆئەوەی موچەکانیان بۆ زیاد بکرێت و کاریان کەم نەکرێتەوە، خواستێکی رەوای کرێکارانە. کرێکارانی ژینگە پارێز بە مانگرتنی چەند رۆژە لە رابردوودا نیشانیاندا، کە چ جێگاو ڕێگایەکی گرنگیان لە کۆمەڵگەدا هەیە، نیشانیاندا کە ئەگەر کاری ئەوان نەبێت، ئەوا کۆمەڵگە نوقمی خاشاک و بۆ گەنیووی دەبێت و سیمای گەرەک و شەقام و شارەکان ناشیرین و هاوکاتیش دەبێتە مایەی مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی... لەوەش زیاتر نیشانیاندا کە هاتنە مەیدانی کرێکاران، تەواو جیاوازە لە مانگرتن و کۆبونەوە و خۆپیشاندانی توێژەکانی تر. کاریگەری مانگرتن و راگرتنی کار لەلایەن کرێکارانەوە، کاریگەری زۆر لەسەر کۆمپانیاکان و دەسەڵات دادەنێت و کۆمەڵگەش بەشێوەی گشتی هەستیار دەکات بەرامبەر بە جێگاو ڕێگای چینی کریکار.

مانگرتنی کرێکارانی ژینگە پارێز و بەردەوامی دانیان بەو مانگرتنە بۆ خواستە رەواکانیان، پێویستی بە رێکخراوبوون، هاوئاهەنگی لەگەڵ بەشەکانی تری کرێکارانی ژینگە پارێز، هەڵبژاردنی دەستەی سەرپەرشتاری مانگرتن و نارەزایەتیەکە لە کۆبونەوەی کرێکاران خۆیاندا، زۆر رۆڵی چارەنووس ساز دەگێرێت لەوەی کە لەلایەکەوە بەشەکانی تری کرێکاران پشتوانیان بکەن و لەلایەکی تریشەوە پشتیوانی کۆمەڵگە بۆخۆیان رابکێشن.

# ٣١ ساڵ بەڵێنی بێ کردار و بایکۆتی یادی هەڵەبجە!



## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

هەروەک دەزانین ٣/١٦ یادی بۆمبارانی کیمیاوی هەڵەبجەیە لە لایەن ڕژێمی فاشی بەعسەوە، ٣٤ ساڵ تێ دەپەڕێ بەسەر ئەم ڕووداوەدا کە ٥٠٠٠ کەس بوونە قوربانی و هەزارانی تریش بریندار و بێ سەر شوێن بوون. ئەم تراژیدیای مەرگە لە کۆتاییەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا ڕوویدا. ئەم تاوانە لەوەوە دەست پێ ناکا کە ئەو ڕژێمە فاشیەی بەعس بۆردومانی ئەم شارەی کرد، بەڵکو لەسەرەتای جەنگی ئێران و عێراقەوە دەست پێ دەکا کە نزیک بە ١ملیۆن کەس تیایدا گیانیان لەدەستدا. بەدوای ئەوانەدا بەشداری ناسیونالیزمی کوردو بزووتنەوە ئیسلامیەکانی کوردو شیعەی عێراق لەو شەڕەدا و بوونە تەرەفی ئێران وە پێکەوە پەلاماری شاری هەڵەبجەشیاندا بەناوی ئازادکردنەوەی وەک پیشەی هەر داگیرکارێک.



ئەوەی ڕوویدا زۆری لەسەر وتراوە، بەڵام هەمیشە دەبێ ئەوە بزانین کە تەنها ڕژێمی بەعس ئەم تاوانەی ئەنجام نەداوە، بەڵکو ئەمریکاو غەرب و رژێمی فاشی ئێران و حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستانیش تاوانبارن. حیزبە قەومیەکانی کورستان ئەم تاوانە وەک بەشێک لە خەباتی کوردایەتیان دەزانن تەنانەت خۆشیان لە بەرانبەر یەکتردا بۆ کێبەرکێی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان وەک بەڵگە یەکتریان تاوانبار کردوە باسیان لێوە کردووە. هەروەها ئیسلامی سیاسی بەشیعەو بەسونەوە تاوانبارن لەم کارەساتەدا. تاوانی ئەم هێزانە لە بەرانبەر خەڵکی هەڵەبجەدا لەو کاتەوە تا ئێستایش هەر بەردەوامە و درێژەی هەیە. بۆ ئەم هێزانە هەمیشە هەڵەبجە کاڵایەکی بازرگانی گرنگ بووە بۆ پێکەوەنانی سەرمایە بۆ بەرپرسانی سەرەوەی حیزبەکانی دەسەڵات بە تایبەت بۆ یەکێتی و پارتی. هەڵەبجە و ئەنفال دوو ڕووداوی گرنگ بوون کە ئەمەریکاو غەرب وەک بەڵگە بۆ دیکتاتۆری سەدام وبەعس بەکاری هێنان بۆ ڕووخانی و دانانی یەکێتی وپارتی لەدەسەڵاتێک کە لە لایەک خۆیان لێی سوودمەند بوون و لە لایەک هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری یەکێتی و پارتی. ئەوەی زیانی بەرکەوتووە تائێستایش بەردەوامە خەڵکی هەژارو بەشمەینەتی کوردستانە. خەڵکی هەڵەبجە دووجار زیانبار بوون یەکەمیان ئەو هەزاران کەسە ئازیزەی خۆیان لەدەستدا لەلایەکی تر ئەو زیانەی کە ماوەی ٣١ ساڵە درێژەی هەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و میلیشیا شییعە و سونی و قەومیەکانی عێراق و ئەمەریکا وغەربیشەوە. ٣١ ساڵە ئەم هێزانە بەڵێنی هەنگوینی دەدەن بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی ئەم کارەساتە و بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە و بۆ چارەسەری بریندارەکان و بۆ چاککردنی گوزەرانی خەڵکی هەژارو بەشمەینەتی ئەم شارە. بەڵێن دەدەن بۆ کردنەوەی پرۆژەی خزمەتگوزاری وتەندروستی و بۆ ئاو و کارەبا و دامەزراندنی گەنجان و دەرچووانی کۆلێج و پەیمانگاکان و بڕینەوەی مووچەیەکی تێروتەسەل بۆ خێزانی بەرکەوتووانی کیماوی. کەچی لە جیاتی ئەمانە هاتن بڕیارپیاندا هەڵەبجە بکەنە پارێزگایەکی کارتۆنی بۆ فریودانی خەڵکەکەی. لە کاتی بە پارێزگا کردنی هەڵەبجەدا وتارێکم نووسی، وتم نابێ خەڵکی ئەم شارە خۆشباوەڕ بن بە بڕیاری بە پارێزگاکردنی هەڵەبجەدا ئەوەتا ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان ڕاستی ئەم قسەیەمان بینی کە تەنها بۆ چەواشە کردن بوو هیچی تر. بەڵێنەکانیان تابلێی وەک هەنگوین شیرینن، بەڵام بە کردەوە تاڵاویان کردووە بەقوڕگی خەڵکی ئەم شارەدا. کەهەڵەبجەیان کردە پارێزگا تەنها لەسەر کاغەز وەک پارێزگا ناسێنراوە، ئەگینا هیچ شەرعیەتێکی پارێزگار بوونی نییە چ لە ئاستی هەرێمی کوردستان و چ لە ئاستی عێراقیش بۆیە دەکرێ بووترێ بە پارێزگاکردنی هەڵەبجە بۆ چەواشەکاری و بۆ خامۆشکردنی دەنگە ناڕازییەکانی خەڵکی ئەم شارە بووە. بەڵام خەڵکی بەشمەینەتی ئەم شارە لەوە هوشیارترن کە چەواشە بکرێن و فریو بدرێن هەر بۆیە لە زۆربەی ساڵەکاندا ولەم ڕۆژەدا خۆپیشاندان و نارەزایەتیان ئەنجام داوە بەڕووی بەرپرسە حکومیەکاندا وا ئەمساڵیش بڕیاری بایکۆتی یان داوە لە یادە حکومیەکانیان دا. هۆکاری ئەم نارەزایەتیانە جگە لەوەی بەڵێنی بێ کرداری ئەم دەسەڵاتەیە لە ماوەی ٣١ ساڵی ڕابوردوودا دژی ئەو درۆکردنانەشە کە بە بیانووی قەیرانەکانەوە بەڵێنەکان جێبەجێ ناکرێن. خەڵک ئەوە دەزانێ ئەگەر قەیرانەکان هۆکارن ئەی چۆنە بەرپرسەحکومی حیزبیەکان و کوڕو نەوەکانیان لە ماوەی ئەو ٣١ ساڵەدا بوونەتە ملیاردێرو ملیۆنەر وخاوەن کۆشک و تەلارو خانووی گەورە نەک تەنها لە کوردستاندا، بەڵکو لەئەمریکا و ئەوروپاشدا جگە لەوەش خەریکی پارە سپی کردنەوەن لەم وڵاتانەدا. بە کردار کردنی بەڵێنەکان بەندە بەو فشارەی کە بەخۆپیشاندان و نارەزایەتی سەدان هەزاری و ملیۆنی بەردەوام و ڕێکخراو ئەنجام ئەدرێن لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئەم شارەو خەڵکی تەواوی کوردستانەوە. کلیلی کردنەوەی خۆشبەختی و ژیانێکی شایەن بە ئینسان بەندە بە ڕێکخراو بوونمان و خەبات و تێکوشانی بەردەوام تا نەمانی ئەم دەسەڵاتە دووڕووە مافیاو دزو گەندەڵە و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی شوراکانمان تا سۆشیالیزم و بەدی هێنانی ئازادی و یەکسانی.

**١٣ ی مارسی ٢٠٢٢**



# ماریا نەوال سەعداویەکەی ئێمە بوو کەم ژیا و دروست نابێتەوە

**نووسینی: گوڵزار عەلی**

ماریا بوونی تۆ زۆر پێویست بوو بۆ ئەو جەهەننەمەی کە ڕۆژانە پرشنگی گڕەکەی ژنان دەهاڕێت و دەیانکات بە خۆڵەمێش.

ماریا بە لە دەستدانی تۆ بزووتنەوەی ژنان و بەرەی ئازادیخوازی کەسێکی بلیمەتی گەورەی وەک تۆی لە دەستچوو. کەلێنێکی تێکەوت، بە مانای وشە کە دەکرا شورشی ئازادی ژنان لەسەر دەستی تۆ بەرپا بکرابایە.

ماریا ئەیزانی گەر ئازاد نەبێت وەک ئەوە وایە نەژیا بێت؛ هەر چەند ماریا ئەیزانی و پێویستیشی بەوە نەبوو هیچ کەسێک پێی بڵێ ژیانت لە مەترسیدایە و دوژمنت زۆرە، چونکە حەقیقەتی دەزانی بۆی جێگای پرسیار بوو چۆن تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، ئەو چاوەڕێی مەرگی خۆی ئەکرد بێ دوودڵی ئەوەشی ئەزانی ڕۆژێک نێرێک لەو هەموو نێر ڕق ئەستوور و شمشێر بەدەستەی کۆمەڵگە باوک و دایک و برا و مام و خاڵ و خێڵ و مەلا و مزگەوت هتد.. دێن و خەڵتانی خوێنی ئەکەن، ئەیزانی ئازادی ئەو پارویەکی گەورەیە بەقورگی کۆمەڵگەدا ناچێتە خوارێ بێ قوربانیدان.

زۆرێک لە کەسانی توێژە جیاواز و بەناو ئازادیخواز و ڕۆشنبیر، لە سوشیال میدیا خۆیان بە باوک و دایک و براو خوشک و کەسی ماریا دەچواند پێیان وا بوو ئەگەر ئەوان لە نزیکەوە بیان ناسیایە، لێێ نزیک بوونایە فێریان ئەکرد کە ئازادی ئاوا نابێت، کراسی ئەو ئازادییە کە خۆیان بڕوایان پێیە، بەبەری ئەویان ئەبڕی!

ئاخر تۆیەک تا ئێستا ماریا لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بەمناڵ بزانیت پێت وابێت ئێشتا تەمەنی تەواو کامڵ (ناضج) نییە، ئەبێت دەستی سۆزو بەزەیی بەسەردا بهێنێت و پێی بڵێت نابێت. تۆ جگەرە بە ئاشکرا بکێشیت، جلی نیمچە ڕووت لەبەربکەیت، وسنگت دەرکەوێت، و لە سوشیال میدیا پۆستت هەبێت، و قسە لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانی سوشیال میدیا بکەیت، پێی لێ ڕابکێشیت بە خواستی خوت!! ؟ تۆ بێیت دەرسی ئازادی پێ بڵێیتەوە! ئاخر تۆیەک تا ئێستا هەزمی گۆڕینی ڕەگەزی گەنجەکانت پێ ئاسایی نەبێت بە باوک و دایکی گەنجی ماڵی هاوڕێکەت بڵێیت ئەوە ئێوە کچێکتان هەبوو ناوی تری هەبوو؟ ئەوە خۆ بووە بە کوڕ ناوەکەشی گوریوە!!

ئەگەر کوندۆم لە گیرفانی کوڕەکەت بوو ئاساییە بۆت و قسەشی لەسەر ناکەیت، بەڵام ئەگەر لە جانتای کچەکەت شتێکی وا ببینیت دنیا ژێرەو ژوور ئەکەن، تۆ جاری لەوە نەگەیشتویت کە ئەوە خسوسیەتی ئەوە، چۆن ڕێگا بە خۆت ئەدەیت هەر سەیری جانتاکەشی کەیت کە خۆی لەماڵ نەبوو ژوورەکەی ئەگەڕێیت، باشە تەلەفۆنەکەنیان کۆدی هەیە، بە کچەکەت بڵێیت کە چووینەوە بۆ کوردستان باجلەکانی ئەوێت پۆشتە بن، لەلای کەس نەڵێیت بە تەنیا ئەژیم لە ئەوروپا! ئەگەر چوونە زانکۆش ئەبێت هەلبژاردنەکەی بەدڵی ئەو بێت نا بێت زۆر دوور کەویتەوە، هەموو ویکەندێکیش (کۆتایی هەفتە) ئەبێت لەلای خۆیان بن، نەوەکا بچنە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانیان ڕەوشتیان شرببێت، ئەگەر چوشن پێی ئەلێت زوو وەرەو با دلّم لە لات نەبێت کاکی ئازادی ناس، پێی ئەلێیت قسە زۆر مەکەن، لە ناو بازاڕ جوابی پیاوەکان نەدەنەوە، ئەگەر تانەیان لێدان لە کوردستان، با نەبین بە بنێشتە خۆشەی ماڵی مام و خزمەکان، لە تیک تۆک و ئەنێستا گرام پۆستتان نەبێت. ئەگەر جلی کچەکەی و هاوڕێکانی نیمچە ڕووت بوو، لە جێی خواستی تۆ نەبوو بە بیانووی ئەوەی ساردە ئەلێت ئەوە سەرمات نییە ئەو جلانەت لەبەردایە!؟ یانی پێت وایە ئەو خۆی نازانیت ساردە یان گەرم! ئەگەر تۆ نەیلێیت ڕاستەوخۆ نەڵێیت بۆ جلی وات لەبەر کردووە بۆ ئەوەی دەبڵ مۆراڵێکەی خۆی بشاریتەوە. ئەگەر خۆیان جوان کردبێت ئەپرسیت بۆ وا خۆت جوان کردووە خێرە؟ تۆیەکی ڕۆشنبیر تائێستا درکت پێ نەکردووە نازانیت ئەوە هەمووی مافی تاکە نەک ئازادی. تۆیەک تائێستا شانازی بە شەهادەی دکتۆر و مامۆستا و موهەندیس و پارێزەری بکەیت، پێت وابێت ئەوەی شەهادەی نەبێت وە لەوە کەمتری هەبێت ئینسانە دەرەجە دووەکانی کۆمەڵگەن، با بیرت بخەمەوە مێشک چۆلەکە؛ ماریا خوێندەواریەکی واشی نەبوو؛ خاوەنی هیچ جۆرە شەهادەیەکیش نەبوو، ئەوەی ئێستا لە دنیای عەولەمە و سەرمایەداریدا ئینسانەکانی پێ جیادەکرێتەوە دەیانکاتە کاڵاو و دەرەجە دوو وەک ڕۆبۆت بەکارئەهێنرێن، شەهادەکانیان جێگایی شانازی خۆیان و تاکەکانی کۆمەڵگەیە، ماریا تۆ نە نامەی ماستەرەکەت کردە پارو و بیکەیتە قوڕگی خەڵک و بەنانی ڕۆژ بیفرۆشیتەوە. تۆ هیچ وانەیەکت لەسەر فێمینیزم و پەروەردە و مافی مرۆڤ و یەکسانی جەندەریت نەخوێندبوو، هاوڕێی هیچ کام لە نوسەر وشاعیر وچیرۆکنووس و گۆرانی بێژو و چالاکوان و مافناس و سیاسیی نەبوویت. بەڵام ئەوەی تۆ بۆت گرنگ بوو بنەمای ئازادی و ژیان و یاخی بوون و دەرچون بوو لە زیندانێکی دەروونی کە کۆمەڵگە و خێڵ و بنەماڵە تا ڕۆح سنوردار و قۆرخی کردبوویت.

بۆیە یاخی بوون و ئازادی لەلای تۆ نەسنوری دەناسی و نە بەهای نیشتمان و نەتەوەو دین و زمان، ئازادی جیهانێکی هاوبەشی بێسنورت دەخواست کە بۆ هەمووان بێت بێجیاوازی. مرۆڤ تا دیلە ژیانی مانایەکی قووڵی هەیە، هیچ شتێک وەک دیلی و کۆیلایەتی مانا نادات بە ژیان، چونکە ئەو کات مرۆڤ لە شەڕێکی مەزندایە بۆ ئازادی، بەڵام هیچ شتێک وەک ئازادی مانای ژیان ناخاتە مەترسیەوە، هیچ شتێک وەک سەربەستی لەسەر مانای ژیان پڕ مەترسی نییە. لە ئازادیدا مرۆڤ شەیدایی و خولیای خۆی بۆ مانا لە دەستدەدات. مرۆڤی ئازاد دەشێ مرۆڤێکی بێمانا بێت، بەڵام گەورەیی مرۆڤ ئەوە نییە لە کۆیلایەتیدا بۆ مانا بگەڕێت، بەڵکوو ئەوەیە لە ئازادیدا بۆی بگەڕێت، بۆیە تا مرۆڤ ئازاد نەبێت ئەم بەرامبەرکێ و بەگژداچونەوەیە دژ بەو سنوورانەی بە دەوری ئینساندا کێشراوە تا کۆتایی پێ نەیەت قوربانی و خەبات و بەگژداچونەوەیەکی بەردەوامی دەوێت، تا ڕزگاری یەکجاری ئینسان و دنیایەکی خاڵی لە ستەم و چەوساندنەوە و دنیایەکی باشتر بۆسەرجەم مرۆڤایەتی.

# ژن لە ئەدەبی سۆشیالیستەکاندا/ کارل مارکس و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ

**نووسینی: ئەنوەر نەجمەدین**

لە ئەدەبی سۆشیالیستەکاندا، ژن بابەتی کارو دەستی کارە، بابەتی کاڵای فرۆشتنە لە بازاڕی سەرمایەداریدا وەک هێزی کاری هەرزان بۆ ڕکابەری پیاو، ئەمە هەروەک چۆن بابەتی خەباتگێریە دژ بە چەوساندنەوەی ئینسانی، نەک بابەتی ژنی مۆدێل یان ژنی بەر تەباخ کە میدیاکانی کوردستان، کردوویانەتە بابەتی سەفسەتەو شەڕە قسە. کاتێک کارل مارکس باس لە ژن و مناڵ دەکات وەک هێزی کار، دەڵێت: "ئامێر کرێکاری شارەزا دەخاتە جێی نەشارەزاکان، ژن دەخاتە جێی پیاو، مناڵ دەخاتە جێی گەنج، وە هەر بەمەیش، بە کۆمەڵ، کارگەر فرێدەداتە سەر شەقامەکان" (کارل مارکس، کاری کرێگرتەو سەرمایە).

دووبارە دەڵێت: "پیشەسازی چنینی ئینگلیزی ١٩٦٨١٨ ئافرەت بەکار دەهێنیت، ئەمە لەکاتێکا ١٥٨٨١٨ پیاو بەکاردەهێنێت. لە پیشەسازی لۆکەدا لە لانکشەر، بەرامبەر هەر ١٠٠ پیاو ١٠٣ ژن ... لە پیشەسازی کەتاندا لە لیدز، بەرامبەر ١٠٠ پیاو ١٤٧ ژن ... لە پیشەسازی چنینی ئینگلیزیدا کە بە هەڵم و ئاو کاری دەکرد، لە ساڵی ١٨٣٥ دا، ٢٠٥٥٨ مناڵ کاریان کردوە کە تەمەنیان لە نێوان ٨ و ١٢ ساڵاندا بووە ...

پاشان دەڵێت: کار کاڵایە... نرخی کاریش وەک کاڵا هەمیشە لە دابەزیندایە. ئەمەیش ڕکابەری نێوان سەرمایەداران و کرێکاران و نێوان کرێکاران خۆیان دەسەپێنێت. دانیشتوانە کرێکاریەکەیش – فرۆشیارانی کار– لە کۆتاییدا هەر ناچار دەبن بە قبوڵکردنی کەمترین بەش لە بەرهەم. کەواتە ئایا تیۆری کار وەک کاڵا، هیچ شتێکی تر هەیە جگە لە تیۆری کۆیلایەتیەکی ماسک کراو؟ ...

مارکس بەردەوام دەبێت و دەڵێت: فابریکە گەورەکان، کڕینی کاری ژن و مناڵیان پێ باشترە، چونکە کەمتر دەکەوێت لە سەریان لەچاو کاری پیاواندا ...

دواتر دەڵێت: شکسپیر زۆر جوان شێوەی ڕاستەقینەی نەختی وێنا کردووە... ئەو شتەی دەتوانم بیکەمە هی خۆم بەهۆی پارەوە – واتە ئەو شتەی دەتوانم دەفعی پارە بکەم بەرامبەری (ئەو شتەی پارە دەتوانێت بیکڕێت)- ئەو شتە منم، خاوەن پارە. ئەوە سنووری هێزی نەخت و سنووری هێزی منە. سیفەتی نەخت، سیفاتی من و هێزە جەوهەریەکەی منە – سیفاتی خاوەنەکەی و هێزی خاوەنەکەیەتی. هەر بەوجۆرە، من و توانای من، فەردیەتی خۆم دیاری ناکەن. بۆ نموونە من ناشیرینم، بەڵام ئەتوانم بە پارە جوانترین ژن بکڕم (کارل مارکس، The Economic and Philosophic Manuscripts of 1844).

ئا ئەو ژنە چەوساوەیە چۆن شۆڕشگێر هەڵناکەوێت کە وەک باوکی و براکەی و هاوسەرەکەی دەکەوێتە ژێر هەمان ستەمی سەرمایەداری؟ ئا ئەو ستەمە چۆن دەیان ژنی وەک عائدە یاسینی هاوسەرو هاوڕێی بەهادین نوری دروست ناکات کە کەس نەیزانی چۆن لەژێر شکەنجەدا گیانی بەخشی و لە کوێ نێرژرا، چۆن چەندان ژنی وەک ڕۆزا لۆکسمبۆرگ دروست ناکات کە سەرکردەی شۆڕشی ئەڵمانی بوو. لە سەردەمی زیندانیشدا لە ١٩١٨، لە نامەیەکیدا بۆ سۆنیای کچی لیبکنختی هاوڕێی، ڕۆزا دەنووسێت: "ئەمە سێهەم ساڵە لە زیندان بەسەری دەبەم .. لە بەندیخانەکەمدا، لەسەر ڕاخەرێک ڕادەکشێم وەک بەرد وایە .. هەر لەوە دەچێت لە گۆڕدا بیت .. بەڵام سەرباری هەموو شتێک لەسەرخۆو گەش بین و دڵخۆشم. ژیان ئاوایە، سەرباری هەموو شتێکیش، هیچمان لەسەر نییە قبوڵ کردنی نەبێت، ئازایانەو بە زەردەخەنەوە".

لە ١٩١٩، بۆ ڕزگار بوون لە دەست ئەو شۆڕشگیرانە، ڕۆزاو لیبکنخت لە دەوڵەتی ئەڵمانیەوە تیرۆر دەکرێن و تەرمەکانیان فڕێ دەدرێتە ڕووباری بەرلینەوە.

٢٠٢١ / ٢ / ١١

## پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com



**پرسی ڕۆژ/ تەنیا یەك ڕۆژ پێش ڕۆژی جیهانی ژنان، لەهەولێری پایتەخت، ژیان لە ماریای سەرەتای بەهاری تەمەنی وەردەگیرێتەوە و دەبێتە قوربانی چەند بارەی کەلتوری پیاوسالاری و دواکەوتوانەی کۆمەڵگە.**

**پرسی ژنان؛ یەکێکە لەپرسە جدیەکانی کۆمەڵگەی کوردی  کە پێویست بەهەڵوێستە و  ڕاوەستان دەکات. ئەو پرسە ڕۆژ بەڕۆژ لەکوردستان زیاتر خوێنی لێدەچۆڕێت و بەرخوردی توند بەرامبەر ژنان دەچێتە سەر، مافەکانیان زیاتر ژێرپێدەخرێن و پشتگوێدەخرێت...تاد. هۆکار و ڕێگەچارەی ئەم پرسە بەڕای ئێوە چۆن لێکدەدرێتەوە؟**

**بەرێز کۆسرەت ئەحمەد؛ شاعیر و چالاکوانی مافەکانی ژنان وەڵام بەپرسی ڕۆژی ئەم ژمارەیە دەداتەوە...**

هەواڵی ژن کوشتن لە کوردستان بۆتە یەکێک لە پێکهاتەکانی هەوا، و شەو و ڕۆژ بەردەم و چاو و گوێچکەمان دەکەوێت. ئامارێکی ترسناکە لەماوەی دوو مانگدا ١٥ ژن بکوژرێت، واتا هەر چوار ڕۆژ ژنێک خۆری ژیانی لێ ئاوا دەبێت!

دەبێت هۆکار چی بێت لە زەمەنی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتندا، ژن هێشتا دونیای کۆیلایەتی تێپەڕ نەکردووە و شمشێری دەستی پیاو هەمیشە لەسەر گەردنی ئامادەیە.

دیارە هۆکار زۆرن بۆ کوشتنی ژن، لە پێشی هەموویانەوە زاڵبوونی عەقڵیەتی خێڵەکی و کلتووری دواکەوتوویی لە کۆمەڵگەدا، و سەیرکردنی ژن وەک شەرەفی پیاو. تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژن وەک مەکینەی زۆربوون و خزمەت و چێژبەخشین بە پیاو تێپەڕ ناکات! دۆخی خراپی ئابووری خەڵک کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕەوشی ژن و خراپتری دەکات. هەروەتر سەربەخۆنەبوونی دادگاکان و بوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی سەربە هەردوو حزبی دەسەڵات( پارتی و یەکێتی) کە بە یاسای نەنووسراو سوڵحی عەشایری دەکەن، هەر کاتێک ژنێک دەکوژرێت ( ئەگەر بکوژ خانەوادەی ژن نەبێت) ئەوا  پەنا دەبەنە بەر سوڵحی عەشایری و خوێنی ژنیش بە فیڕۆ دەڕوات. خاڵێکی دیکە بوونی چەک بەبڵاوی لەدەستی پیاوان کاری کوشتن ئاسانتر دەکات. ڕاستە لە کوردستان چاکسازی لە یاسای عیراقی (پاککردنەوەی شەرەف) ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ کراوە و گۆڕدراوە بۆ یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٢، کوشتنی ژن وەک هەر تاوانێکی دیکەی کوشتن هەژمار کرا، بەڵام پرسیار ئەوەیە تاچەند ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت؟ بێگومان دەیان نێری ژنکوژ ئازادن، بێئەوەی پۆلیس دەستیان بۆ ببات، ئەمەش پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ هەر نێرێک بیەوێت بەناوی شەرەف ژن بکوژێت. هۆکارێکی دیکەی زەق کە پاشخانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەڕی ناوخۆ، لەوکاتیدا هەریەک لە دوو حزبی دەسەڵات هەوڵی بەهێزکردنی حزبێکی ئیسلامی سیاسی دەدا بۆ لاوازکردنی حزبی نەیار، لەئەنجامدا ئیسلامی سیاسی توانی ڕووپێوی مێشکی کۆمەڵگە بکات و تۆی توندڕەوی شەڕانگێزی تێدابچێنن، بێگومان تائێستاش بەشێوەیێکی جیاوازتر بەردەوامن لە شۆردنەوەی مێشکی تاک، ئەمەش وایکردووە ژن لە پێگەیەکی کەمتر ببیندرێت و بە شەرەفی پیاو دابنرێت، لەکاتێکدا وەک نەوال سەعداوی دەڵێت" شەرەفی مرۆڤە نەک پیاو". دیارە هەژموونی سیاسەتی تورکیا و ئێران لەسەر دەسەڵاتی کوردی کاریگەری زۆری هەیە، بەرژەوەندی ئەوان لە خراپبوونی ڕەوشی کۆمەڵایەتیدایە .

ڕێگا چارە لەهۆشیار کردنەوەی تاکدایە بە ژنو پیاوەوە. خێزان یەکەم شوێنە منداڵ بەرکەوتەی لەگەڵدا دەبێت، بۆیە هۆشیارکردنەوەی خێزان دەبێت کاری پێشێنەبێت بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست. پرۆگرامەکانی خوێندن دەبێت لەسەربنەمای دروستکردنی تاکێکی بەهێز و یەکسانیخواز بێت و بە یەکسانی جێندەری منداڵ گۆش بکرێت. سەکۆکان ببنە سەکۆی مرۆڤایەتی وبانگخوازی لەپێناو مافی مرۆڤ و ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی، نەک گۆڕەپانی توندوتیژی و شەڕ. داخستنی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و قەدەغەکردنیان، و پاراستنی سەربەخۆیی دادگاکان و قۆڵبەستکردنی تاوانباران و سزادانیان.

لەکۆتاییشدا دەبێت ژنان پرسی ژن بەگەورە بزانن و لە کێشەی کۆمەلایەتی بچووکی نەکەنەوە، وەک کێشەی کۆمەڵگە سەیربکرێت، ژنان پێویستیان بە خۆڕێکخستنەوەو هۆشیاربوونەوە هەیە تا کۆمەڵگەیەکی تەندروست بێتە ئاراوە.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو رەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

**bopeshawa@gmail.com**

**www.bopehsawa.net**

# جەنگ لە ئۆکرانیا، بەوێنەی گۆشەیەك لە جەنگێکی فراوانتر

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

ئەم جەنگەی لە ئۆکرانیا بەڕێوەدەچێت، فراوانتر لەوەیە تەنها پەیوەست بێت بە وەلاتانی مەترسی پەیوەست بوونی ئۆکرانیا بە ناتۆ و بلۆکی ئەمریکا و غەربەوە وەکو جەمسەریکی جەنگی ئێستا، بەڵکو لە بنەرەتدا جەنگ بۆ دوبارە ئارایشدانەوە و دابەشکردنەوەی پێگەی نفوز و زاڵکردنی هەژمونی سیاسی و ئابوری و سەربازیی جیو سیاسی تازەیە لە هەلومەرجێکی تازەدا، هەلومەرجێک کە بەشکستی ئەمریکا گەورەتر جێبەجێ دەبێت و داشی روسیا نەک سوار دەکات، بەڵکو ناتۆ و ئەمریکا و بەشێوەی تایبەتی و غەرب بە شێوەی گشتی، دەخاتە پێگەیەکی لاوازتر و باجی ئەو شکستەش لەسەر ئەمریکا، بەتایبەتیش دوای شکست و ناکامی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، زۆر گەورەتر دەبێت، کە ئەوە نەک ئەمریکا ناچار بە ملدان بە ئارایشی تازەی دنیا دەکات، بەڵکو پێگەی ناسیونالیزمی روسی لە ئارایشی تازەدا

**ئەم جەنگەی لە ئۆکرانیا بەڕێوەدەچێت، فراوانتر لەوەیە تەنها پەیوەست بێت بە وەلاتانی مەترسی پەیوەست بوونی ئۆکرانیا بە ناتۆ و بلۆکی ئەمریکا و غەربەوە وەکو جەمسەریکی جەنگی ئێستا، بەڵکو لە بنەرەتدا جەنگ بۆ دوبارە ئارایشدانەوە و دابەشکردنەوەی پێگەی نفوز و زاڵکردنی هەژمونی سیاسی و ئابوری و سەربازیی جیو سیاسی تازەیە لە هەلومەرجێکی تازەدا، هەلومەرجێك کە بەشکستی ئەمریکا بەدرێژایی سێ دەهەی رابردوو بۆ سازدانی بلۆکێکی تاك جەمسەری**

بەدرێژایی سێ دەهەی رابردوو بۆ سازدانی بلۆکێکی تاک جەمسەری کە خۆی هەیمەنەی بێ رکەبەر بێت، بە ئێرە گەیشتووە.

نە جێگاو رێگای هەرەشە ئامێزی ئۆکرانیا بۆسەر روسیاو نەهێرشی روسیاش بۆسەر ئۆکرانیا، بەتەنها ئامانجەکەی ئۆکرانیا و پاشەکشەپێکردنیەتی لە هەوڵەکانی بۆ پەیوەست بوون بە ناتۆوە، بەڵکو هەم ئۆکرانیا رۆڵی نیابەتی بۆ ئەمریکاو غەرب و ناتۆ لە ململانێ لەگەڵ ناسیونالیزمی ڕووسی دەگێرێت و هەم بۆرژوا–ناسیونالیزمی ڕوسیا کەڵک لە ململانێی و کێشەکانی لەگەڵ ئۆکرانیا بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێی گەورەتر و بەرینترەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ناتۆی گوێ لەمستی، دەبینێت. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە، کە ئاکامی جەنگ لە ئۆکرانیا هاوسەنگی هێز لە ململانێی جیهانی بلوکەکاندا ناگێرێت. شکستی بۆرژوازی ڕوسی لە ئۆکرانیا، هەنگاوەکان و ئامانجە فراوانترەکانی روسیا توشی وەستان و تەنانەت پاشەکشە دەکات و داشی ناتۆ و ئەمریکا، زاڵ دەکات و بوار دەکاتەوە بۆ ڕاسانی دوبارەی ئەمریکا بە ئامانجی زاڵکردنەوەی هەژمونی خۆی بەسەر دنیادا. سەرکەوتنی روسیاش لە ئۆکرانیا بەتایبەتی کە بتوانێت نیزامێکی تری گوێ لەمستی خۆی لەجێگای دەسەڵاتی ئێستا دابنێت، یان دەسەڵاتی ئێستای ئۆکرانیا دوای ئەو هەموو وێرانکارییەی توشی هاتووە، مل بەخواستی روسیا بدات، هەنگاوی یەکەمی روسیا بەوێنەی بەشێک لە ماستەپلانێکی بەهێز دەکات و بلۆک بەندیەکان و ململانێکان لە هاوسەنگیەکی تازەدا، قەوارە پێ دەدات.

شکست و ناکامی ئەمریکا و ناچار بوونی بە پاشەکشە لە ئەفغانستان و نابودبوونی حکومەتە دەستسازەکەی و لەسەر دەستی تاقمی تاڵیبان، ملدان بەڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی تاڵیبان، پاشان ناچاربوونی بە پاشەکشە لە عیراق لەسەر دەستی هیزیی کرێگرتە و وابەستە کە رۆڵی نیابەتیان بۆ ئێران دەگێرا، تا دەگات بە شکست لە رۆڵ و پێگەی خۆی لە سوریادا و بوارکردنەوە بۆ دەخالەتی راستەوخۆی سیاسی و سەربازی روسیا و سەر ئەنجامیش مایەپوچ بوونی خەونی ئەمریکا و غەرب لە لابردنی بەشار ئەسەد لەدەسەڵات مانەوەی، هەروەها دارمانی ئابوری و ئەزمەی قوڵی ناوخۆیی ئەمریکا و پێشرەوی چین لە

**ریکخراوەی ناتۆ، کە بانگەشەی رێکخراوەیەکی سەربازی بەرگری دەکات لە خۆی و لە ئەندامەکانی، بە دریژایی هەڵوەشانەوەی حلفی وارشۆ و دیوارى بەرلین، نە کەس هێرشی کردۆتە سەری و نە هیچ وڵاتێکی ناتۆ کەوتوتە شەڕەوە تا ناتۆ بەرگری لێ بکات، لە جێگای ئەوە ڕیکخراوەی ناتۆ بۆتە رێکخراوەیەکی هێرش بەر، ماشێنێك بەدەست ئەمریکاوە بۆ هێرش بۆسەر هەر وڵات و دەوڵەتێك کە دەرگیری ئەزمە بووە یان بۆتە رێگایەك بۆ ملهوری نواندنی ئەمریکا...**

زەمینەی پێشبرکێی ئابوری و بازرگانیدا،... هەموویان ئەو ژینگەیەیان سازکرد، کە روسیا بە پشتیوانی چین و بەشێک لە هاوپەیمانە ناوچەییەکانی، تەوقیتی دەستبردن بۆ ململانێیەکی فراوانتری بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەمسەری ئەمریکا و غەرب و ناتۆ بەدەستەوە بگرێت و دۆسیەی ئۆکرانیا بکاتە سەرەتای فتیلدانی جەنگێکی فراوانترو بەرینتر بۆ ئامانجی دوور مەوداتر. دیارە روسیا دەمێکە خەریکی ئامادەکاری بۆ ئەم رووبەڕووبونەوەیە. چ بە ئامادەکردنی سوپاو جبەخانەی سەربازی و چ بەبانگەشەی سیاسەتی گێرانەوەی روسیا بۆ پێگەیەکی عەزەمەت تەڵەبی لەرێگای گێرانەوەی روسیا بۆسەر شانۆی نێودەوڵەتی.

گرتنەبەری ڕێگای جیاواز بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو سزایانەی کە ئەمریکا و غەرب لەبەرامبەریدا دەیگرنە بەر، تەنانەت بەدۆزینەوەی ئەلتەرناتیف لە بواری فرۆشی نەوت و غازو دانەوێڵەو ...تاد. و کاردانەوەی بەرامبەر بە سزاکان، لە رێگای سەپاندنی سزا بەسەر کۆمپانیا غەربییەکان و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا، لە ئێستاوە وەکو قوتبێکی جێکەوتووی ناو دنیای سەرمایەداری لە ئێستای دنیادا، مامەڵە دەکات.

دیارە دەستبردن بۆ هێرش بۆسەر ئۆکرانیا، وەکو فتیلدانی جەنگی نێوان دوو جەمسەر کە هەر یەکەیان هاوپەیمانیەتیەکی فراوانیان لەدەوری خۆیان سازداوە تەواو جیاوازە، لە جەنگ و بەیەکدادانەکانی مێژووی رابردووی ژێر سایەی نیزامی سەرمایەداری. جەنگێک کە لێکەوتەکانی کەمترین لێکچوونی تەنانەت لەگەڵ هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم هەیە. لانی کەم بەو هۆیەوە کە هەردوو بەرە و بلۆکی بەرامبەر بە یەکتری خاوەنی گەورەترین چەکی ناوکی و وێرانکەر و ژێرەوژوورکردنی هەسارەی زەوین. دیارە ئەم جەنگە، جەنگی جیهانی سێهەم نییەو بەدوور دەزانرێت کە جەنگێکی ئاوا ڕووبدات. چونکە جەنگی جیهانی سێهەم کۆمەک بە نیزامی سەرمایەداری ناکات، بەڵکو نیزامی سەرمایەداری توشی نابود بوونێکی سەرسوڕهێنەر دەکات، بۆیە بۆرژوازی ڕێگای نابودیەکی ناوازە و بێ وێنە لە مێژووی چەند سەد ساڵەی خۆیدا نادات، بۆرژوازی چ جەنگ و چ ئاشتی، چ شەری راستەوخۆ یان نیابەتی، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا وەرێدەخات و بەدەستەوە دەگرێت. بۆیە هێنانە ئارای باسی جەنگی ناوکی یان جەنگی جیهانی سێهەم، لەلایەن ژۆرنالیزمی بۆرژوازییەوە، پڕوپاگەندەیەکی تەبلیغاتییە بۆ ترساندنی کۆمەڵگەو رەوایەتی دان میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە و وەرێخستنی هەڵمەتێکی خۆپڕچەک کردن.

شەری ئۆکرانیا، گۆشەیەک لە جەنگێکی هەمەلایەنەتری نێوان هیزە سەرمایەدارییە بۆرژوازییەکان و بلۆکە سەرەکیەکانیەتی. ئۆکرانیا وەکو نیزامێکی گوێ لەمست و پڕۆ ئەمریکی و جغرافیایەکی هەرەشە ئامیز بۆ سەر ئەورووپای شەرقی و بەتایبەتی بۆسەر بۆرژوازی روسی، بەتەنها شوێنی یەکلاییکردنەوەی ململانیی نێوان بلوکەکانی بۆرژوازی نییە، بەڵکو خودی ئۆکرانیا، لایەنێکی شەرەکەیە، نەک مەغدور و زولم لێکراو. لە ئەو جەنگەی لە ئارادایە جەنگێکە نێوان ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و ئەمریکا و ناتۆ و ئۆکرانیا لەلایەکی ترەوە، بەکورتی خودی ئۆکرانیا هەم گۆرەپانی شەڕو هەم لایەنێکی شەرەکەیە.

لەم نێوەدا بەدیاریکراوی چین و ڕوسیا، خوازیاری بەشی خۆیانن وەکو جەمسەریک کە دەیانەوێت بەشیان لە واقعیەتی دنیادا بۆ بەفەرمی بناسرێت و سنوریش بۆ هەژموونی بلۆک و جەمسەری بەرامبەر دابنێن.

لەبەرامبەردا ئەمریکا دەیەوێت لەڕێگای باڵادەستی بەسەر ئەوروپادا و بەبەهیزکردنی ناتۆ، بەرگری لە پێگەی خۆی بکات و پاشەکشە بە تموحەکانی بلۆکی بەرامبەر بکات، کە خۆی لە روسیا و چین و هاوپەیمانەکانیدا دەبینێتەوە. بەجیا لەوانە ئەمریکا بە داسەپاندنی باڵادەستی بەسەر ئەوروپا و هێز بەخشینەوە بەناتۆ دەیەوێت، قەرەبووی شکستەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بکاتەوە.

لێکەوتەکانی ئەم جەنگە، تازەو هاوکات دەرخەری دوو رووی نیزامی سەرمایەداری و کۆنەپەرست بوون و بۆگەن بوونیەتی بەمانای وشەکە. لەم جەنگەدا، بواری ئەدەب و هونەر مۆسیقاو فیلم و وەرزش، زانکۆ و خوێندن و مێژوو، کراونەتە ئەبزاری جەنگ... فیلمی روسی رادەگیریت. مامۆستای زانکۆ دەردەکرێت. باس لە قەدەغەکردنی خوێندنی مێژووی ئەدەبی رووسی لە زانکۆکانی

بۆ لاپەڕە 13



## پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# "ژن کوشتن"

## نووسینی/ شنه بابه علی

لەهەرێمی کوردستان بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاو و مەترسیدار، ناو بە ناو شەپۆلێکی ژن کوشتن هەرێم دەگرێتەوە، وەک ئەوەی لەچەند مانگی ڕابردوودا بینیمان، ٩ ژن بەدوای یەکدا کوژران، کە شێوازی هەندێک لە کوشتنەکان، مەترسیدار و نامۆبوون، بەتایبەت شێوازی کوشتنی شنیار کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە سوتێنرا. گرفتی گەورەی دیاردەی ژن کوشتن، خراپ مامەڵەکردنە لەگەڵ دۆسیەکانی توندوتیژی دا، ڕێوشوێنەکان چوارچێوەی ئیدانەکردنیان تێنەپەڕاندووە و هەنگاوی کرداری نەنراوە بۆ سنوردانان بۆ ژنکوژەکان. ڕێوشوێنە یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان، لەبری ئەوەی دیاردەکە

> **گرفتی گەورەی دیاردەی ژن کوشتن، خراپ مامەڵەکردنە لەگەڵ دۆسیەکانی توندوتیژی دا، ڕێوشوێنەکان چوارچێوەی ئیدانەکردنیان تێنەپەڕاندووە و هەنگاوی کرداری نەنراوە بۆ سنوردانان بۆ ژنکوژەکان. ڕێوشوێنە یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان، لەبری ئەوەی دیاردەکە سنوردار بکات و تیڕوانینی کۆمەڵگە بەرامبەر ژن کوشتن بگۆڕێت، کەچی مامەڵەی هەڵە، پەرەیداوە بە ژن کوشتن و لە حاڵەتەوە بردویەتی بۆ دیاردە!**

سنوردار بکات و تیڕوانینی کۆمەڵگا بەرامبەر ژن کوشتن بگۆڕێت، کەچی مامەڵەی هەڵە، پەرەیداوە بە ژن کوشتن و لە حاڵەتەوە بردویەتی بۆ دیاردە! کاتێک ژنێک دەکوژرێت، خێرا کۆمەڵگا دابەش دەبێت، بەشێکی خەڵک ئیدانەی تاوانەکە دەکەن و هاوسۆزن لەگەڵ قوربانیەکەدا، بەڵام بەشێکی تر، پاڵپشتی تاوانبارەکە دەکەن و ئەو مافەی پێدەدەن کە ژیان لە ژنێک وەربگرێتەوە، لەکاتێکدا هیچ هۆکارێک نیە شەرعیەت بە ژن کوشتن بدات، چونکە پێش دەستبردن بۆ کارتی کوشتن، چەندین ڕێگەی تری عەقلانی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دواجار کوشتنیان بەدوادا دێت.. دەبێت شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیەکانی ژن کوشتن بگۆڕێت، ڕای گشتیان لە دژ دروست بکرێت، لە ڕێگەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراو و میدیاوە هۆشیاری بڵاو بکرێتەوەو ژن کوشتن تەحریم بکرێت، ئەمەش کارکردنی عەقلانی و هەنگاوی وردی دەوێت، هێنانە سەرهێڵی هەموو چین و توێژەکانی پێویستە، بە جۆرێک هەولبدرێت کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ڕەگەزی دابەش نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ژیان دۆستی یەک بخرێت. خاڵێکی تر کە لەپاڵ هۆشیاری گشتی و تەحریم کردنی ژن کوشتندا گرنگە، ڕێوشوێنە یاساییەکان بەرامبەر ژن کوژەکان توندوتۆڵ بکرێن، هیچ دەرەچەیەک نەهێڵرێت بۆ دەربازکردنی ژن کوژ لە چنگی یاسا، گەر ئەمە کرا، بێگومان ئەوانەی خاوەنی بیری ڕەجعین و ناهۆشیارن، ناوێرن دەست بۆ کارتی ژن کوژی بەرن. بەداخەوە، ناهۆشیاری و سەروەر نەبوونی یاسا و سوڵحی عەشایەری وایانکردووە، زۆرێک لە ژن کوژەکان بەئاسانی لەدەست یاسا دەربازیان ببێت، یاخود هەندێکجار ژن کوژەکان وەک پاڵەوان وێنا دەکرێن، گوایە لەو ڕێگەیەوە لەکەی سەریان سڕیوەتەوە، بێ ئاگا لەوەی هیچ کارێک هێندەی ژن کوژی نامۆ و ناشیرین و بێزراو نیە. گەر ژن کوژەکان هۆشیاربایەن، لە قێزەونی لێسەندنەوەی ژیان لە مرۆڤێک تێگەشتبان، هەرگیز دەستیان بۆ کارتی ژن کوشتن نەدەبرد، بەڵام بێگومان خەڵکی ڕەجعی و ناهۆشیار و ناحاڵی لە ژیان، دەبێت بە یاسا جڵەو بکرێن و لە نێو کۆمەڵگادا وەکو کەسێکی نەفرەتلێکراو تەماشا بکرێن، تا چیتر بیر لە کارتی قێزەونی ژن کوشتن نەکەنەوە. پێش ڕێوشوێنە یاساییەکان، هەوڵدان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا گرنگترە، چونکە زۆرجار تانەی کۆمەڵگا، پاڵ بەژن کوژەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە، خۆ ئەگەر تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ دۆزەکانی ژن گۆڕا، ئەوا زۆرێک لە کێشەکانی ژنان چارەسەر دەبن.

# سەرخەتی "مێژووی هەشتی مارس "

**کاتێک ژنان شانبەشانی پیاوان هاتبوونە گۆڕەپانی کار، بە هەمان سەختی کاریان پێدەکرا، بەڵام هەقدەست و کرێی کاریان لە هی پیاوان کەمتر بوو، لەبەرئەوەی ژنن، ئەو کاتە ژنان بڕیاریان دا داوای یەکسانی لە کرێی کار و مافدا بکەن، ئەم بزووتنەوەیە لە(٨ی مارس ١٨٥٧) (شیکاگۆ/ئەمریکا)، دەستپێکرد، بەڵام نەک هەر مافیان وەرنەگرت بەڵکو ڕووبەڕووی سوکایەتی و توندوتیژی بوونەوە.**

**لە ساڵی (١٩٠٧) کە یادی پەنجاهەمین ساڵڕۆژی خۆپیشاندانی نیۆیۆرک لە ٨ی مارسدا خۆپیشدندانیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان ڕێکخستەوە. ساڵی(١٩١١) خۆپیشاندانێکی دیکە ڕێکخرا، بەهەمان شێوەی خۆپیشاندانەکانی پێشتر ژنان ڕووبەڕووی سوکایەتی، گرتن و لێدان بوونەوە. لەساڵی (١٩١٣) دووبارە ژنان بۆ داواکردنی مافەکانیان ڕژانەوە سەر شەقامەکان، تاوەکوساڵی(١٩٢١)ژنانی کۆمۆنیست لە مۆسکۆ، ڕۆژی ٨ی مارسیان وەکو ڕۆژی جیهانی ژنان ناونا.**

**ژنان لەو سەردەمەدا هەمان ئەو داواکارییانەیان هەبوو، کە تا ئێستا ئێمە تێکۆشانیان بۆ دەکەین، وەکو: بەکەم سەیرنەکردنی ژنان، مافی یەکسانی و دادپەروەری.**

**چەندین ژنی بە تواناو لێهاتوو بوونە پێشەنگی ئەم جوڵانەوانەو بەشێکی بە گیان رابەرایەتییان کرد. (سیمۆن دوبۆڤوار) یەکێکە لەو ژنانەی کە بە سەختی داکۆکار و رابەرایەتی فکری ئەم بزووتنەوەیەی دەکرد، کتێبی (رەگەزی دووەم) باشترین بەرهەمی ئەو ژنە فیمینستەیە کە تا ئێستا سەنگ و پێگەی خۆی لە ناو ئازادیخوازاندا هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (نەوال سەعداوی) لە ریزی پێشەوەی ژنانی فیمینست و داکۆکیکارە لە مافەکانی ئافرەتان و پرسی ژن، ئەم ژنە خاوەنی چەندین بەرهەمەمە کە تێیدا باس لە ئەزمون و خەبات و ئەو زوڵم و زۆرییانە دەکات کە لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵگەی عەرەبی بەتایبەت دەرهەق بە ژن دەکرێن. یەک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی نەوال سەعداوی (ئافرەتێک لە خاڵی سفردا)یە.**

**ئێستا دوای نزیکەی دوو سەدە لە دروستبوونی بزووتنەوەی فیمینیزمی لە جیهان هێشتا لە کوردستان، بزووتنەوەیەکی ژنانی ڕێکخراو نییە. هێشتا بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، وەکو پێویست لە گۆڕەپانەکەدا بەشێوەی ڕێکخراو ئامادەیی نییە. بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و دەستبردن بۆ هەڵمەتێکی توند و یەکلاکەرەوە بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان و کەنار خستنی پیاوسالاری و ناچارکردنی دەسەڵات بەخواست و مافەکانی ژنان. بۆیە کارکردن و خەباتی ژنان زیاتر لە چوارچێوەی روکەشدا ماوەتەوە. بۆیە رۆژ بە رۆژ توندوتیژی دەرهەق بە ژنان بەفۆرم و شێوازی جیاواز خۆی نوێدەکاتەوە.**

**بەداخەوە بەشێکی زۆر لەو ڕێکخراوانەی کە بەناوی داکۆکیکردن لە مافەی ئافرەتان دروستبوون، وەک هەر بوارێکی دیکە دابەشی سەر حزبەکان بوون و لە چوارچێوەی بەرنامەو پلانی ئەواندا دەخولێنەوە.**

**ئامادەکردنی شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

**جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادییە بەرتەسك و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لـێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگە، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم ...**






## ئەدرێسەکەم ڕیشی سپی بوو

هەموو شتێك دەکەوێتە خوارەوە

ڕۆحمان دەناڵێت لەم گوناهە
شەرابیانەوە دەستمان لەشپرزەیی

خۆمان نایێتەوە

پیاوێکی سەرخۆش بەتەوسەوە پێم ئەڵێت

نەخشەدانان بۆژیان وەك ئەم پێکەی من
وایە کەهەڵیدەدەم گاڵتەم پێدەکات

کە سەرخۆش دەبم کەسێك دەست
ناداتە باڵم

من دەستم لەژیان بەرداو خۆم لەهەموو
شتێك تەکاند

بەقەسیدەکانم وت ئەوەی زوتر بگاتە

لام و سەرم بنێت بەسنگیەوە

بەیانی دەبیەم بۆلای خەیات و قاتێك
زەردەخەنەی بۆ دەدەم بەکرد

من دەستم لەژیان بەرداو

ئەدەرێسە تازەکەم بەسەردەرگاکەوە

خەریکە ڕیشی سپی دەبێت و

هەموو شەوێك تایەکی گەورە داك
دەگرێت و عارەقێکی سارد ساردی
پێدەکاتەوە

شپرزەییم بەقاچێکی شکاوەوە

بیانوی هاتوچۆی گۆڕستانم پێدەگرێت

پێم دەڵێت تۆلەدوامەوە بڕۆ و من نوسینی

سەرهەموو کێلەکان دەخوێنمەوە
بۆشت

تەرجومە دەکەم

هەموو شتێك دەکەوێتە خوارەوە

ئەم کۆکە کۆکەیەی منیش یەك
گەڕەکی

هەراسان کردووە کەسێك ناوێرێت

سەردانێکم بکات

ئەدرێسەکەم بەتەواوی بێتاقەت بووە

لەدورەوە خێسەم لێدەکات

دەستم بۆبەرز ناکرێتەوە

ناتوانم تاکێکی پەنجەرەی ژوورە
تاریکەکەم بکەمەوە دەنگم ناگاتە

هیچ کۆترە باریکەیەك

سەرم لەم قەسیدە تورەو تڕۆیە
نایێتەوە

لەدوو تەوتەم دەچین

دەبێت وەك یەك خۆمان بگۆڕین

وەك یەك بەرێگادا بڕۆین

یەك ئەدرێسیشمان هەبێت

ئەم ژوورە پڕەلەئاوێنەو کەچی چاوم
بۆهەڵنایەت

بەم هەموو دڵتەنگیەی خۆمەوە

دڵخۆشی کەروێشکێکی پێکراوم
بۆنادرێتەوە

نازانم بەچ زمانێك قسە لەگەڵ
ڕاوچیەکاندا بکەم

گوناهی هەموو ماسیەکانم گرتە
ئەستۆی خۆم و پێمووتن

لەڕۆژی حەشردا من بەرپرسم لەکوشتنی
ئێوە

هەموو شتێك دەکەوێتە خوارەوە

وەك پەرداخەکەی ناودەستی تۆ پارچە
پارچە دەبێت

دایکم چاوی پڕدەبێت لەفرمێسك و

بەدزی خواوە تەماشایەکم دەکات و

لەبەر خۆیەوە شتێك ئەڵێت

شتێك کە سوکناییەك بەگیانما دێنێت و

لەم غەڵبەغەڵبەی ژیان دوورم ئەخاتەوە

تۆش هەرچی ئەڵێیت بڵێ

هەرچی دەنوسیت بنوسە

بەس مەنوسە خۆشمدەوێیت

................

**میرزا**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



## داو

نووسینی: ئارام حەسەن

ــ "ئادەی وەرە بزانم وەکو جاران
زیرەکی؟"

ــ "ناشێ دیسان پرسیارت هەبێ؟"

ــ "بەڵێ پرسیارم هەیە"

ــ "لەسەر چی؟"

ــ "لەسەر ـ داو ـ"

ــ "دەی فەرموو"

ــ "باشە داوی کورد چی پێوەئەبێ؟"

ــ "هەر کورد"

ــ "ئەی داوی سیاسییەکان؟"

ــ "شەهید"

ــ "ئەی داوی دین؟"

ــ "ژن"

ــ "ئەی داوی حیزب؟"

ــ "گەمژەکان"

ــ "باشە ئەی داوی
مێژوو؟"

ــ "درۆی تازە"

ــ "ئەی داوی شاعیر؟"

ــ "گێلەژن"

ــ "ئەی داوی ئازادی"

ــ "ئەدەب"

ــ "ئەی داوی داد؟"

ــ "نەدارەکان"

ــ "ئەی داوی مەرگ؟"

ــ "پشوو"

ــ "ئەی ئافەرین، شکور هێشتا مێشکت
نەشڵقاوە"

ئارام حەسەن

## چەند کورتە شیعری: خالیدبایە زیدی (دلیر)

_1

قەلەڕەشەکان

بە چرپە چرپەی کام یەك

لە شەمشەمە کوێرەکان بو

کە ئاگری شەڕیان

هەڵگیرساندو

کوتری خوشەویستی و

ئاشتی یان سووتاند

_2

گوللەیەك

بەر سینگی بەهار کەوت

پایـز بە پیکەنین

بەسەرلاشە و خوین

کەوتە ڕێگا

منالێك لەخەو راچڵەکا

_3

لە کاسەی ئاسمان دا

کوترێك دە یەوێت هەڵفرێ و

خەونی ئاشتی ببینێ

ئاک شەڕخوازان خەوە
سپیکەی

ئالۆز مەکەن

چاوەشینەکانی چی تر

پەریشان وخەمبار مەکەن

_4

خوشەویستەکەم

لە نامەکەتدا

باسی ئەوین وخوشەویستیت
کردووە

ئێمە سەربازەکان

لە بەرەکانی شەڕدا

تەنیا و تەنیا....

ڕق و تووڕەیەکانمان

ئەکەینە نیشانە

_5

خوشەویستەکەم

ئەوینەکەم

ئەوەندە خوشم ئەوێیت

کە دەمەویت

لە ئاسمانی خوشەویستیت دا

هەڵفرم

ئەگەر فڕوکە شەڕخوازەکان

بهێـڵن ...

_6

پۆتین

بەچی شانازی دەکەیت

مە گەر!

تو هەمان ئە وکەسە نیت

کە تە واوی جیهان

لە پێت دەکا

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

## چیرۆک

# پەیمانبێ تەنیا جێت نەهێڵم..

**ئا/ جمال نوری**

لەسەر وەختی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئەوکات یابان کەوتبوە جەنگەکەوە دژ بەهاوپەیمانەکان،، بۆ بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیان یابان بڕیاریدا ئەوەی دەستی چەک هەڵدەگرێ بچێتە بەرەی جەنگەوە، دواتر بڕیارێکی دا، کەس و کارو خۆشەویست و خێزانی سەربازەکان بەردەوام نامە بنوسن بۆ سەربازەکان تا ورەیان بەرزبێ و سەنگەرەکانیان چۆڵ نەکەن، خێزان و کەس و کارو خۆشەویستی سەربازەکان پەیتا پەیتا نامەیان بۆ دەچوو، بەڕێکەوت نامەیەک دەگاتە دەستی یەکێک لەسەربازەکان، لەنامەکەدا نووسراوە..



(بەڵێنم پێ ئەدەی بەتەنیا جێم نەهێڵی و منت خۆش بوێ؟)

سەرباز بۆی دەنوسێتەوە.. پەیمانبێ دوای جەنگ بەتەنیا جێت نەهێڵم و تۆم خۆش بوێ..

نامەی کۆتایی پێش جەنگ ژنەکە دەنوسێ کاتێک جەنگ کۆتایی پێ دێت لەویستگەی شەمەندەفەر بەجل و بەرگێکی شینەوە بەچەپکێ گوڵەوە دێم بۆ ئەوێ و لەسەر کاغەزێکی گەوررە نووسیومە پەیمانبێ دێم بۆلات.

کاتێک جەنگەکە کۆتایی پێ دێت، سەرباز بەڕێ دەکەوێ بۆ ویستگەی شەمەندەفەر، چی دەبینێ ؟ لێی ورد دەبێتەوە دەبینێ ژنێکی پیر بەجل و بەرگێکی شینەوە چەپکێ گوڵی بەدەستەوەیە و کاغەزێکی گەورەش لێی نوسراوە پەیمانبێ بێم بۆلات .. سەرباز هەرچاو دەگێڕێ بۆ کەسێکی تر لەدڵی خۆیدا دەڵێ مانای نییە ئەم پیرێژنە کەوتبێتە داوی خۆشەویستیەوە بۆیە دەیەوێ قەناعەت بەخۆی بهێنێ، هەرچاودەگێڕێ ئیدی دەزانێ کەسێکی تری لێ نییە بەو ناونیشانەی پیرێژنەکە، بۆیە دەڵێ من لە سەنگەری پێشەوەی شەڕەکەدا پەیمانم پێیدا، وتم دێم بۆلات و بەجێت ناهێڵم ئەی ئەگەر بکوژرامایە هەتا هەتایە ئەم پیرێژنە لەچاوەڕوانی هاتنی مندا لێرەدا دەڕوا بۆیە هەرگیز ئەم تاوانە گەورەیە ناکەم و دەچم بۆلای..

کاتێک سەرباز بەرەو پیری پیرێژنەکە دەچێ و لێی نزیک دەبێتەوە پێی دەڵێ ئەوە هاتم بۆلات و پەیمانەکەتم نەشکاند، تۆم خۆش دەوێ پیرێژنەکە تەماشایەکی دەکاو پێی دەڵێ ئەوە تۆ باسی چی دەکەی، پەیمانی چی؟ سەرباز توشی شۆک دەبێ دەڵێ ئەی ئەوە نییە بەو ناونیشانەی کەدراوە بەمن جل و بەرگی شین و چەپکێ گوڵ و نوسراوێکیش هەیە بەدەستەوە کەنوسراوە پەیمانبێ بەتەنیا جێت نەهێڵم و بێم بۆلات، پیرێژن تێ دەگا کە سەرباز خەریکە باری دەروونی تێک دەچێ ڕووی تێ دەکات و دەڵێ ئەوەی تۆ عەودالی ئەوە من نیم کوڕم..

تەماشایەکی ئەو سوچەی سەروو بکە بزانە کێ لەوێ چاوەڕێت دەکات، ئەوەی تۆ بەدوایدا وێڵی ئەو خانمەیە کە بەمنی وت دەبێ تۆ ڕۆڵی ئەوم بۆ ببینیت تاوەکو بزانم ئەوەی من خۆشم دەوێ بەبێ ئەوەی بیبینم ئەویش بەهەمان شێوە منی خۆش دەوێ و خاوەنی پەیمانی خۆیەتی؟ کاتێک سەرباز بەرەو ڕووی خانمەکە دەچێ چی ببینێ، خانمێکی باڵابەرزی قژ ڕەشی جوان هەر لەدوورەوە ئەوەی بیبینێ بۆی حەیران دەبێ، سەربازەکە بەرەو ڕووی دەچێ و خانمەکە پێی دەڵێی تۆ ئێستا ئەو کەسەی کە خۆشەویستی هەتا هەتایی منی، چونکە من تۆم هەڵبژارد بەبێ ئەوەی بزانم تۆ دەمێنێ لەشەڕدا یان نا، تۆش هاتیتە شوێنێ ژوانەکە بەبێ ئەوەی بزانی ئەوەی دەچیتە لای چۆنە و کێ یە؟ بۆیە باوەش بەیەکدا دەکەن و دەبنە خۆشەویستی یەکتری بۆ ئەبەد و پیرێژنەکەش وەک دایکی خۆیان لایان دەمێنێتەوە....



# یادداشتەکانی منداڵێك بە ناوی »سوعاد«ەوە.

بەشی دووەم و کۆتایی

**نووسینی: شەماڵ بارەوانی**

خاتوو نەوال لە »یادداشتەکانی منداڵێک بە ناوی «سوعاد»ەوە. وەک زۆربەی نووسینەکانی تری

باس لە ئازارو نەهامەتی و ناخۆشی و موعاناتەکانی ڕەگەزی مێینە دەکات، بەتایبەتی ژن و کچی عەرەب چۆن هەر لەکاتی زارۆکینییەوە، ڕووبەڕووی چەوسانەوەو نایەکسانی جێندەری و جیاکاری ڕەگەزی و بەزۆر بەشودان دەبێتەوەو یاساکانی نێرسالاری و فەتوای مەزهەب و نەریتی خێڵگەرایی بەسەردا دەسەپێنن،

فێری یاسای کۆیلەتی دەکەن و لەسەر هونەری خۆ بەکەم زانین و خۆ بەدەستەوەدان و ڕاهێنان مەشقی پێدەکەن و بنەماکانی بیری نێرسالاری بەسەردا دەسەپێنن و مرۆڤ بوونی لێ زەوت دەکەن و ئازادییەکانی لەسێدارەی نەریتەکۆنەکان دەدەن و کەرامەتی ژن بوون و مێ بوونی لەتەنافی ئەقڵیەتی کۆمەڵی پیاو سالاری هەڵدەواسن، هاوشێوەی سوعاد چۆن داپیرەی و دایک وباوک و خانەوادەکەی و کۆمەڵگەکەی ڕەگەزی مێ وا دەبینن تەنها ئامرازێکە بەدەست پیاوەوەو ئامێرێکە بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی پیاو بەجێ هێنانی داواکارییەکانی پیاو!

لەکاتێکدا کە ئەو کەس گوێ بە حەزو ویست و مافەکانی نادات و وەکو مرۆڤێکی خاوەن ئیرادەو ڕێزو کەرامەت گوێ بۆ ئازارەکانی شل ناکات!

لەجڤاتێکی نێرسالاریدا هەموو شتێک لەبەرژەوەندی نێردایەو مێ جگە لەسێبەرو شوێنکەوتەو پاشکۆی پیاو چیتر نییە،

جڤاتێک هەر لەمنداڵییەوە خێزانەکان ترس و لاوازی لەکەسایەتی کچ دەچێنن و وای حاڵی دەکەن کە تەنها پیاوو نێرینە ڕەگەزێکی بێ وێنەو باڵاو کامڵ و بێ کێماسییەو مێ بە سرووشت و فیزیکەوە، بوونەوەرێکی کەم ئەقڵ و ناتەواو بێ هێزە، پیاو سەروەرو یاسادانەرو بڕیاردەرە، ژنیش گوێڕایەڵ و جێ بەجێکار.

کوڕ کوڕەو کچیش کچ.

کچ دەبێ لەخزمەتی کوڕدابێت.

خوشک براکەی چی وت نابێ لام و جیمی لێ بکات و دەبێ بێ سێ و دوو جێ بەجێی بکات،

کچ دەبێ هێلکە بۆ براکەی بکاتە ڕوونەوەو چی حەز لێ بوو بۆی ئامادەکات،

جلەکانی بشوات،

جێگەی بۆ ڕابخات،

پێڵاوەکانی بۆ بۆیە بکات،

براکەی لێی بدات، جنێوی پێ بدات، سوکایەتی پێ بکات. کچ بۆی نییە بڵێ نەخێر، لەبەر ئەوەی براکەی مافی بەسەریەوە هەیە، کوڕ دەخوێنێ، ئۆتۆمبیل لێدەخوڕێت، دەچێتە خوێندگە، بازاڕ، یاری فوت بۆڵ ئەنجام بکات، گەشت دەکات، ئەو مافەنەو دەیان مافی تر هەمووی بۆ کچ بڤەو هێڵی سورن،

ئەمە بۆژنیش لەبەرامبەر پیاودا هەمان شتە؟

»یادداشتەکانی منداڵێک بە ناوی »سوعاد«ەوە.

ژیانی سوعادو چیرۆکی هەموو کچ و ژنێکی کۆمەڵی پیاو سالارییە، ئەو کۆمەڵانەی هێشتا بە بیری یەکسانیخوازی و پرنسیپەکانی ڕۆشنگەری ئاشنانەبوون و نەریتەکانی خێڵ و یاساکانی مەزهەب تەحەکوم بە بوون و بەژیانیانەوە دەکات و بەڕێوەیان دەبات، نەریت و یاساگەلێک، کە هەڵهێنجراوو هەڵقوڵاوی مینتاڵییەت و ئەقڵیەتی پیاوسالارین. یاساو نەریت گەلێک لەسەر جیاکاری ڕەگەزی و نایەکسانی جێندەری ڕۆنراون و دژ و پێچەوانەی بەهاکانی فیمێنیزم بوون و پێشمەرجەکانی مرۆڤ بوونن.

یاساو نەریتگەلێک دەسەڵات و ماف و هێزو کوتەک بە پیاودەدات و ژن وەکوو بوونەوەرێکی بێ هێزو بێ ماف و بێ ئازادی و ناتەواو خزمەتکاری نێر سەیر دەکات.

چیرۆکی سوعاد چیرۆکی هەموو ئەو کچانەیە کە هەر لەمنداڵیەوە جیهانی منداڵێتی و مرۆڤ بوونیان دەست بەسەردادەگیرێت، لەتەمەنێکی زۆر زووەوە دەیان خەنە بەر پرۆسەی هاوسەرگیرییەوەو بەزۆرو بێ ویست و ئامادەیی و لەدەرەوەی تەمەن و کات و حەزی خۆیانەوە بەشوو دەدرێن و کچێنییان پێشل دەکرێت و منداڵییان تیرۆر دەکرێت و لە پیاوانێک مارە دەبڕێن لە تەمەنی باپیرەیانن.!

»یادداشتەکانی منداڵێک بە ناوی »سوعاد«ەوە....پێمان دەڵێت:

چیرۆکی سوعاد. چیرۆکی هەموو ئەو کچ و ژنانەیە، ژیانیان بە تەڵبەندی نەریتە کۆن و باوەکان دەور دراوەو ناتوانن لێی دەرچن، بەسەرهاتی هەموو ئەو ژن و کچانەیە کە بوونەتە قوربانی تونێلە تاریکەکانی بیری نێرسالاری و بوونیان بە قامچی پیاوگەرێتییەوە دەور دراوە.

»یادداشتەکانی منداڵێک بە ناوی »سوعاد«ەوە.

یەکەم ڕۆمانی خاتوو نەوال سەعداویە،ڕۆمانێک نەوال تێیدا بەوردی باس لە هەموو وردوو درشتێکی ژیانی "سوعاد "کارەکتەری سەرەکی و پاڵەوانی ڕۆمانەکەی دەکات و پرسیارە تابووکان و مرۆڤ بوون و ژن و وجود و میتافیزیکاو ئایین و سروودەکانی، پەتای نێرسالاری، ئازادی، پەروەردەی توندو داخراوی ئایینی، جیاکاری ڕەگەزی و جێندەر،دەمارگیری ئایینی و ڕقی مەزهەبی ..تاد. گەنگەشە دەکات لەبارەیانەوە دەدوێت و نەوال لەم میانەدا ڕووبەڕووی سیستەمی بیری نێرگەرێتی و کومەڵی نێرسالاری دەبێتەوە،

ئەو کۆمەڵەی بە چەقۆی نەریتە کۆنینەکان ڕۆحی ژن پارچە پارچەدەکات و کەسایەتی ژن دەکوژێت و بەدەستاڕی نێرسالاری ئازادیەکانی ئافرەت دەهاڕێت و جامی نەفرەتی مەزهەبگەرایی بەسەر مێ دا دەڕێژێت.

بۆپێشەوە
FORWARD
بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# دیاردە نامۆ و دزێو و هاوبەشەکانی ڕابەرانی ناسیۆنالیزمی کوردی و عەرەبی...

## نووسینی: عوسمان محەمەد

## بەشی دووەم

مێژووی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر لە دوو سەد ساڵ ئەبێ، بەڵام لەم مێژووە درێژەدا هیچ یەکێک لەو ڕەوتەکان و ڕابەرەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی نەیانتوانیوە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و مافە زەوتکراوەکانی تەنها یەک هەنگاو بڕۆنە پێشەوە، ڕەگی خیانەت و دوو بەرەکایەتی ململانێی کەسی، پیشەی هەمیشەی ڕابەرانی ئەو بزووتنەوانە بوونە، ئەوە جگە لەوەی کە عەقڵی سیاسی ئەو ڕابەرانە زۆر ناوچەیی بووە، نەیانتوانیوە مامەڵەیەکی درووست لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی سەردەمدا بکەن، تەنانەت نەیانتوانیوە لەگەڵ گۆرانکارییە هاوچەرخەکانی جیهاندا بڕۆن و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی خۆشیان!! بپارێزن.

کاتێ کە سمایل ئاغای شوکاک ئەبیستێ کە شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ ئینگلیزەکان گفتوگۆ ناکات و بە قێزەوەنیان ئەزانێ تەوقەیان لەگەڵ ناکات، نامەیەک بۆ شێخ ئەنێرێ داوای لێ ئەکات کە مامەڵەیەکی درووست لەگەڵ ئینگلیزەکان بکات بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی ئەوانەوە پێگەیەکی کوردی درووست بکەن، چوونکە ئەوکات ئەوان فەرمانڕەوای عێراق بوونە، هەموو شتێک بە دەستی خۆیان بووە، بەڵام پەیگیری و سووربوونی شیخ بۆ لایەنگری لە دەوڵەتی عوسمانی و تێنەگەیشتن لە گۆرانکارییە جیهانییەکان پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، ئەم باگراوندە فکری و سیاسیە شیخ مەحمودی بەوە گەیاند کە تەنانەت ئامادەی گفتوگۆ نەبێت لەگەل ئینگلزەکاندا.

ئەو ملنەدانەی شێخ بە ئینگلیزەکان بە تەنها ئەوە نەبوو کە خۆی بکەوێتە ململانێیەکی سیاسی و تاکتیکی بێ بەرانبەرەوە بەڵکو ئەو فرسەتەی کە نیو سەدە جارێک دێتە پێش بۆ میللەتێک!!، ئەو لە دەستی داو تا ئێستاش دووبارە نابێتەوە.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە زۆربەی خەڵکی کوردستان ئەو هەڵوێستانەی شێخ بەرانبەر بە ئینگلیزەکان زۆر بە هەوڵێکی شۆڕشگێڕانەی گرنگ ئەزانن و شانازی پێوە ئەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا فرسەتێکی گەورە و گرنگی سیاسی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەستدا، کە هەتا ئێستا نەگبەتی و نەهامەتییەکانی لە سەرتاسەری کوردستان درێژەی هەیە.

ڕەنگە لێرەدا پێویست بەوە نەکات باسی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بکەین لەژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسی ئەودا، چوونکە ئەو وەک پادشای کوردستان خۆی ناساندووە کە دەسەڵات بە ڕەها لە ژێر سایەی تاکڕەوی خۆیدا بووە، هەر بڕیارێ کە دەری کردووە کەس بۆی نەبووە ڕەتی بکاتەوە، زۆربەی سەرچاوە مێژوییەکان باسیان لە دەسەڵاتی تاکڕەوی و نەهامەتیەکانی ژیر سایەی ئەو زۆر بە ڕوونی کردوە.

کاتێ سەیری سیاسەتی نەتەوەپەرستی ئەکەی لە دەوروبەری خۆماندا نمونەی حیزبی بەعس ئەبینی، بە ڕابەرایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن، جگە لەوەی چی لە نەهامەتی و ڕۆژ ڕەشیەکیان بە سەر خەڵکی عێراق و کوردستان هێنا لە هەمان کاتدا چۆن نزیکترین هاوڕێکانی خۆیان یەک بەدوای یەکدا بەشێوەی تاک و بەکۆمەڵ لەناو ئەبرد، دوای لە ناوبردنی ئەو سەرکردانە سەدام حوسێن، ئەحمەد حەسەن بەکر و کوڕەکانی لەناو برد، دوای ئەوانیش لە ژێر ناوی پیلان و دەستی دەرەکی 55 ی لە دەرکەوتووترین هاوڕێکانی خۆی لە سێدارەدا کە هەموویان ئەندامی سەرکردایەتی بەعس بوون، هەتا وای لێهات گۆڕەپانەکەی بۆ چۆڵ بوو، کەسێک نەما کە ترسی لێ بێت، دوای ئەوە کەوتە لەناوبردنی کەس و کارەکەی خۆی، چەندین کەسی لێ کوشتن لەوانە حوسێن کامیل و براکانی و عەدنان خەیروڵا، یەکێک لە کوڕە ئامۆزاکانی نزیکی خۆی لە ئەردەن وتبووی لەبەر گەمارۆ بەسەر خەڵکی عێراقەوەیە ژیانی خەڵک زۆر قورسە، دوای هاتنەوەی بۆ عێراق ڕژێم ئەیگرێ و داوا ئەکات لە براکانی ئەبێ براکەتان گوللە باران بکەن، ئەگەر گوللە بارانی نەکەن ئەوە هەمووتان گوللەباران ئەکرێن، ئەوانیش بە ناچاری براکەی خۆیان گوللە باران ئەکەن، ئەمەش بڕیاری سەدام بوو کە سەدام ڕابەری نەتەوە پەرستی عەرەب بوو.

لە وڵاتی عەممان کاتێ میری وڵات ئەچێ بۆ دەرەوە کوڕەکەی وەڵامی بۆ ئەنێرێ کە نەگەڕێتەوە بۆ وڵات، چوونکە تۆمان لاداوە لە سەرۆکی وڵات.

حافز ئەسەد جگە لە کووشتنی سەرکردەکانی حیزبی بەعس و ڕاونانی موشیل عەفلەق کەوتە گیانی برا و برازاکانی خۆی و تا ئێستاش لە دەرەوەی سووریا ئەژین، مەحەمەد راشد ئال مەکتوم تا ئێستا (6-7) ژنی هێناوە لە هەر یەکێکیان (3-4) منالی هەیە و زۆربەیان گەورەن، ئەبێ هەموویان بە عەقڵی باوکیان شوو بکەن و ژن بهێنن، هەڵسوکەوتیان لە چوارچێوەیەکدایە کە باوکیان بۆیان دائەنێت، لەو چوارچێوەیەدا دەربچن گەورەترین سزایان بەسەردا ئەسەپێنێ، دیارە کچەکان زیاتر لە قاڵب دراوون، تا زۆریان هەوڵی ڕاکردیان داوە بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام لەبەر توندوتیژی پاسەوانەکانی دەوریان نەیانتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بهێنن، تا ئێستا (1-2) لە کچەکانیان لە خانویەکدا دەست بە سەرن کەس بۆی نییە بیانبینێت.

یەکێک لە ژنەکانی کە 25 ساڵ لە خۆی منالترە، کچ و کوڕێکی لێی هەیە، کچەکە تەمەنی 11 ساڵە ویستی بە شووی بدات بە کەسێک کە 40 ساڵ لە خۆی گەورەترە، دایکەکەشی بە ناچاری هەردوو منالەکەی هەڵگرتوو خۆی گەیاندە لەندەن، بۆ ئەوەی لەو پەیوەندییە دژە ئینسانییە خۆی ڕزگار بکات.

هەرچەند ئال ڕاشد هەوڵی گەڕانەوەیانیدا بەڵام بێ سوود بوو، شا عەبدولعەزیز پاشای سعودیە لە مێژووی ژیانیدا 400 ژنی هێناوە.

ئەمە مشتێکی بچووکە لە خەرمانی ئەو تاوانانەی کە کردوویانە بەرانبەر بە کەسە نزیکەکانی خۆیان، ئەبێ بەرانبەر بە خەڵک و نەیارانیان چی ڕەفتارێکی دڕندانەیان ئەنجام دابێت، ئەوە ئەو تاوانانەن لە ژماردن نایەت کە تاسەر ئێسک دڕندانە و دژە ئینسانی بووە، ئەم میراتە کە بەشێکی کەممان باس کرد، کارکردی هەموو نەتەوەپەرستەکانی جیهانە.

بۆیە ناکرێ حیزبێکی سیاسی نەتەوەپەرست و ناسیۆنالیست خواستی گشتی خەڵک لە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بەدی بهێنێ، چوونکە ئەم ناسیۆنالیست و نەتەوەپەرستانە سەر بە خێزانی بۆرژوازین، کە چینی چەوسێنەری کۆمەڵگەن، بەبێ چەوساندنەوەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە ناتوانن درێژە بە سیاسەتی خۆیان بدەن، بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە سەرمایەداری تووشی قەیرانێکی قوڵ و خنکێنەر بووەتەوە هیچ حیزبێکی سیاسی کە سەر بە خێزانی بۆرژوازییە ناتوانێ نوزەی ئازادی بۆ کۆمەڵگە سەرکوت نەکات، ئەو بیرۆکە کە باس کوردایەتی ڕەسەن ئەکات، بیرۆکەیەکی دواکەوتوانەیە کە ناوەڕۆکەکەی گێلکردنی خەلکی کوردستانە، بە تایبەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، چەندین سەدەیە ناسیۆنالیستەکانی کورد هەوڵ ئەدەن کە ئەم دەستەواژەیە وەک سوونەتێکی ڕیشەدار لە کۆمەڵگەی کوردیدا جێگیر بکەن، کە توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر لەم سیاسەتەیاندا سەرکەوتوو بن، کاتێک هەموو حیزبەکانی ناسیۆنالیستی کوردی ڕووبەڕووی نارەزایەتی توندی خەڵک بوونەتەوە، بەڵام دەست مایەیەک کە بە دەستیانەوە ماوە (کوردایەتی ڕەسەنە) چونکە زۆرێک لە خەڵک تا ئێستا ئەڵێن تیرۆر و ڕەشەکوژی و کوشتنی هاوڕێ و کادرەکانی خۆیان، برسی کردنی خەڵک، نەبوونی ئاو و کارەبا و خراپی ڕێگاوبان و شەقامەکان، نەبوونی پیداویستی پزیشکی لە نەخۆشخانەکان و دەیەها و سەدەها کار و کردەوەی دژی ئینسانی، هەموو ئەمانە هەڵقولاوی سیاسەتی کوردایەتین، ئەم کوردایەتی ڕەسەنە کارتێکی کارایە بە دەستی ناسیۆنالیستی کوردەوە بۆ فریودانی خەڵک و کێش کردنیان بە دوای سیاسەتەکانی خۆیان.

کاتێک کە ڕاستی کردەیی سیاسەتی کوردایەتی ئەبینی، ناتوانی شتێکی جیاواز لە سیاسەت و کارکردی یەکێتی و پارتی بەدی بکەیت، هەر هەمان عەقڵ و هەمان ئەنجامە.

ناوەڕۆکی کوردایەتی ڕەسەن، بە پیرۆز ڕاگرتنی بۆرژوازی کوردی و چەوساندنەوەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشە، هەر کەسێ لەم سیاسەت و ستراتیژە لا بدات بە سزای (گەل و شۆڕشی کوردایەتی ئەگەیەنن).

**ماویەتی**

**مێژووی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر لە دوو سەد ساڵ ئەبێ، بەڵام لەم مێژووە درێژەدا هیچ یەکێك لەو ڕەوتەکان و ڕابەرەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی نەیانتوانیوە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و مافە زەوتکراوەکانی تەنها یەك هەنگاو بڕۆنە پێشەوە....**



# سەمیر نوری: حکومەتی زۆربە حکومەتێکی پرۆ غەربیە و ئەمەش بۆ ئێران قابلی قبوڵ نییە

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز سەمیر نوری سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی چەپی عێراق سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتی تازە لە عێراق ...

**بۆپێشەوە: جموجۆڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەردەوامە... تا چەندە لاتان وایە ئەم حکومەتە دەتوانێت سەربەخۆ بێت و دوور لەدەستێورەردانی دەرەکی پێکبێت؟**

**سەمیر نوری:** بۆ هەموو کەسێک ڕوونە کە ئەو هێزانەی حکومەت و دەسەڵاتی عێراق پێکدەهێنن بە وڵاتێکی جیهانی یان ناوچەیەوە بەستراونەتەوە و هیچ سەربەخۆییەک بوونی نییە، ئێران و ئەمریکا دوو هێزی خاوەن پێگەی دەسەڵاتی فراوانن لە عێراق، لەو کاتەی پرۆسەی سیاسی " لیبرەیشن" رزگاریەوە ئەنجام دراوە لە ساڵی ٢٠٠٣ بەم لاوە. ئێمە هەموومان دەزانین یەکێتی و هێزە شیعەکان سەربە ئێرانن، و پارتی سەربە تورکیا، و هێزە سونەکانیش سەربە سعودیە و قەتەر ئەو وڵاتانەی کە ناسیونالیزمی عەرەبی زیاتر تیایاندا زاڵە، و سونەکان و ناسیونالستە کوردەکان گوێچکەیان لە دەستی ئەمەریکادایە.

دروستکردنی حکومەتێک لە عێراق "سەربەخۆ بێت دوور لە دەستێوەردانی دەرەکی" وەهم و خەیاڵ پڵاوییە! بەشێک لە کاولکردنی ژێر خانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارستانیەوە لە عێراق لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە بە کۆمەکی ئەم هێزانە ئەنجام دراوە. ئەمانە خۆیان هەتا کەمتر وەک هێزی سیاسی و حزبی سیاسین، زیاتر میلیشا و باندی تاڵان و بڕۆ ومیلیشای چەکدارین. حکومەتێک کە دروستیدەکەن ڕێکەوتنی ئەم باند و میلیشایانەیە هەر ناوێکی لێ دەنێی بینێ.

**بۆپێشەوە: ئایا لەهەلومەرجی ئێستای عێراقدا، پێکهێنانی حکومەتی زوربە لە جێگای حکومەتی تەوافوقی کێشە دروست ناکات؟**

**سەمیر نوری:** بۆ کێ کێشە دروستدەکات؟ حکومەتی زۆربە یان حکومەتی تەوافوقی هەردوکیان لەسەر بنچینەی دابەشبوونی قەومی تایەفی و عەشایەری (موحاسەساتێ) دروست دەبن، یانی بنچینەی دروستبوونی ئەو حکومەتەی خەڵک نایەوێ، یانی ئەوەی دەستورێک کە پێی دەوترێت حکومەتی بریمەری دایناوە کە حکومەتێکی موزایەکی، پۆست مودرنیستیە یان ئەوەی جەلال تاڵەبانی پێی دەوت دەستە گوڵەکە، کە دەسکێ دڕک و کونار زیاتر هێچی تر نییە. ئەم حکومەتانە کێشەی خەڵکی کرێکار و زۆربەی خەڵکە بە دژی خەڵکن مەحرومکردنی خەڵکن لەسەرەتاییترین مافەکانیان.

شایەد ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانەکانی مەبەستم پارتی و سونەکانە لەگەڵ چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە ویەکێتی نیشتمانی ڕێکنەکەون، ئەمە کێشەکانی ناو ماڵی بۆرژوازی قوڵتر بکاتەوە، فەزای جەنگی نێوان گروپە جاجیاکان قوڵتر بکاتەوە و ڕۆکێتەکانی ئێران بۆ سەر هەولێر لە ڕۆژی شەممەی ٣\١٢ ئەتوانری لەم چواچێوەیەدا مانای هەبێ. حکومەتی زۆربە حکومەتێکی پرۆ غەربیە و ئەمەش بۆ ئێران قابلی قبوڵ نییە، هێزە چەکدارەکانی شیعە لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی، و یەکێتیش لە بێبەشبوونیان لە کێکی دەسەڵات ئاوەها بەئاسانی قبوڵ ناکرێت. ترسی پێکدادان و پشێوی فەزای هەڵگیرسانەوەی سیناریۆی ڕەش یەکێکە لە ئەگەرەکان.

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**سەمیر نوری:** ئەگەر یەکێتی سەرۆک کۆمار بدۆڕێنێت ئەگەری ئەوەش زۆرە، ئەوە یەکێتی سەنگەرێکی تر بۆ پارتی چۆڵ دەکات وەزنەی سیاسی لەتمەیەکی تر دەخوات. بۆیە یەکێتی ئەوەیان بۆ ماوەتەوە بەهەر نرخێک بووە ڕێگە بگرن لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار.

بەڵام ناسیونالیزمی کوردی خاوەن دەسەڵات کە نمایەندەی کورد دەکەن لە دەسەڵاتی عێراق لە ٢٠٠٣ بە دواوە ئەوان ڕوکنێکی بنچینەیی حکومەتە موزایکیەکەن، ناتوانرێت بە ئاسانی وەلا بنرێن و ئەوان نانی عەمالەتی خۆیان دەخۆن بۆ غەرب و ئەمریکا لە دوای کۆتایی جەنگی ساردەوە. بۆیە هیچ هێزێک بیر لەوە ناکاتەوە ئەوان دەربکات لە هاوکێشەکە، بەڵکو هەر لایەک دەیەوێت ئەوان بەکار بهێنی بۆ هاوسەنگی هێز لە بەرامبەر نەیارەکانی خۆیدا، ئەوانیش دڵیان فراوانە ئەم ڕۆڵە دەبینن. من لەو باوەڕەدا نیم ڕەوتی سەدر بیانەوێ یەکێتی لە کێکەکە بەتەواوی دوور بخەنەوە، بەڵکو ئەیانەوی دڵی پارتی ڕابگرن، پارتیش وا دیارە نایەوێ ئێسکەکانیان بشکێنی تەنها دەیەوێ گۆشتەکەیان لێ بکاتەوە. پارتی لە هەوڵی جدیدایە یەکێتی بکاتە هێزێکی بچوک و دەستەمۆی خۆی، ئەوان لە کوردستان ئەم پرۆسەیان تەی کردووە دەیانەوێ لە بەغداش ئەم کارە بکەن.

> **ئەگەر یەکێتی سەرۆك کۆمار بدۆڕێنێت ئەگەرى ئەووش زۆرە، ئەوە یەکێتی سەنگەرێکی تر بۆ پارتی چۆڵ دەکات وەزنەی سیاسی لەتمەیەکی تر دەخوات. بۆیە یەکێتی ئەوەیان بۆ ماوەتەوە بەهەر نرخێك بووە ڕێگە بگرن لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار ...**

**بۆپێشەوە: دزی و تاڵانی و سەرکوت و زەوتکردنی سەرەتاییترین مافە ئازادییەکان، تایبەتمەندی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانە لە سەرتاسەری عێراق و کوردستاندا، خەڵکی عێراق و کوردستان چۆن دەتوانن لەدەست ئەم دەسەڵاتە، رزگاریان بێت؟**

**سەمیر نوری:** لە ٢٠١١ وە خەڵک ڕێگای خۆیان دۆزیوەتەوە چۆن لەدەست ئەم هێزە میلیلیشیا قەومی و دینی عەشیرەتیانە ڕزگاریان ببێت هەنگاوی پراکتیکیان ناوە. لەگەڵ یەکەم شەپۆلی بەهاری عەرەبیدا خەڵکی کوردساتن لە ١٧ شوبات و ڕۆژانی دواتر و خەڵکی بەغدا و شارەکانی ترو هەتا شارەکانی غەربیە هاتنە مەیدان ڕایانگەیاند کە ئەم دەسەڵاتەیان ناوێت تا ئێستا ئەم هەوڵە بەردەوامە. لە ٢٠١٩ ئەم بزووتنەوەیە بەرزترین ئاستی بەخۆیەوە بینی، ڕوخانی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی و کابینەکانی تر، و لە کوردستانیشدا سوتاندنی بارەگای هەموو ئەو حزبانە لە هەرێمی کوردستاندا و دواتر لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستاندا بەشدار بوون، زۆر بە ڕۆشنی پێشانیدا خەڵکی عێراق و کوردستان ئەم دەسەڵاتانەیان قبوڵ نییە، خوازیاری دەسەڵاتێکن کە بۆ خەڵک بێ لەپێناو خەڵک بێت.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر(مەبەست لە عێراق) کە بەشێک لە هێزە چەپەکانیش پێی ناڵێن شۆڕش یان بەشەرمەوە پێی دەڵێن ڕاپەڕین! ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانە وئازادیخوازانە و جەماوەرییە کە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا وێنەی نییە. ئەمە یەکێکە لە ڕێگا چارەکانی ڕزگاربوون لەم دەسەڵاتە، ڕێگا چارەی ئێمە و هێزە شۆڕشگێرەکانە.

بۆرژوازی ڕژێم جینجی هێناوەتە ئاراوە یان بە زەبری چەک وەک ئەوەی لە عێراق و ئەفغانستان و ئێستاش لە ئۆکرانیا روودەدا یان بەڕێگایەکی ئاشتیانە بەشێک لە بورژوازی ڕێگا چۆڵ دەکات بۆ بەشێکی تری بورژوازی بۆ گۆڕینی دەسەڵات وەک ئەوەی پێی دەڵێن "شۆڕشی پرتەقاڵێ". بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێکی جەماوەریە بۆ ڕوخانی دەسەڵاتی ناسیونال–ئیسلامیەکانی بەغدا بەهێزی جەماوەری شۆڕشگێڕ کە ڕادیکاڵترین و ئینسانیترین ڕێگا و ئەڵتەرناتیڤە.

**بۆپێشەوە: درەنگ یان زوو خەڵکی عێراق و کوردستان دەست دەبەن بۆ راپەرین و شۆرش، سەرکەوتنی راپەرین و شۆرش، لە گرەوی چیدایە؟**

**سەمیر نوری:** خەڵکی دەستیان بردووە بۆ شۆڕش، هەندێک فاکتۆری دەرەوەی ئیرادەی خەڵک ئەم شۆڕشەی بە ڕادەیەک هێواش کردوەتەوە، و مەیدانەکانی ئازادی پێ چۆڵ کردون، بەڵام ئەم شۆڕشە وەک ئاگرێک بن کە لە کاری خۆی بەردەوامە.

ئەم شۆڕشە دەسکەوتی خۆی بەدەستهێناوە، بەڵام بۆ "سەرکەوتنی ڕاپەرین و شۆڕش" دەبێت ڕۆشنی بکەینەوە مەبەستمان چ شۆڕشێکە؟ بۆ من وەک کۆمۆنیستێک مەبەستمە کرێکارو زۆربەی خەڵک دەسەڵاتی خۆیان دابمەزرێنن، یانی بەدیهاتنی شیعاری "ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری" کە دیارە لە هەنگاوی یەکەمدا ڕوخان و هەڵتەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازیە، ئەمەش لە ئەمڕۆدا ڕوخانی دەسەڵاتی قەومی– تایەفی عێراق و کوردستانە.

شۆڕشی میسر و تونس بە روونی پێشانیدا شۆڕش پێویستی بە سەر و ڕابەرایەتی کۆمۆنستییە، سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لە هەموو جێگایەکی جیهان گرێی خواردوە بە ڕابەرایەتیەکی کۆمۆنستیەوە و بە حزبی کۆمۆنستی کریکاریەوە، قبوڵ کردنی کۆمەلگە بە ڕابەرایەتی ئەم حزبە. ئێمە لە حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی چەپی عێراق لە هەوڵی ئەوەداین ئەم بۆشایە پڕ بکەینەوە و ببینە نوێنەری نای کۆمەڵگە بە گشت بۆرژوازی. کۆمەڵگە پێویستی بە حزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕە، ئێستا هێزەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر پەیان بەوە بردوە دەبێ ڕێکخراوبن ئەنتی حزبی بوون زۆر کاڵ بوەتەوە.

**بۆپێشەوە: ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی ئێستا چ سیستەمێکە؟ بە واتایەکی تر دەبێ چ سیستەمێکی سیاسی جێگەی دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە؟**

**سەمیر نوری:** ئێمە لە "پلاتفۆڕمی رزگاری خەڵکی عێراق" بەروونی ڕوونمان کردوەتەوە چیمان دەوێ و چیمان ناوێ، دەبێ چی بڕوخێنین و چی بنیات بنێن.

ئێمە لەبەرامبەر دەسەڵاتی پەرلەمانیدا ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتدارێتی شورایمان خستوەتە بەردەم کۆمەڵگە و لە ڕۆژەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا شیعاری ڕوخانی ناوچەی سەوز و "دەسەڵات بۆ ساحەی تەحریر" مان بەرز کردەوە بە مانای عەمەلی ئەم ئەڵتەرناتیڤە. ئەم ئەڵتەرناتیڤە دەکرێت شکڵ و شێوەی جیاواز بگرێتە خۆی، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بە مانای دەسەڵاتی خەڵک بەسەر سیاسەت و ئابوریدا و تەئمینکردنی ئەمە ناوەڕۆکی ئەم دەسەڵاتەیە.

**سەمیر نوری: سوپاس بۆ ئەم بوارەی بۆ منتان ڕەخسان و سەرکەوتو بن.**



# تاکە زەمانەتی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕش، تەنها یەکگرتوویی و هاتنەمەیدانی هێزی ملیۆنیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ستاری چیمەنتۆ هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەت لەعێراق

سەرەتا سوپاس بۆ پەیوەندیەکەتان و ڕێزم بۆ بەهەند وەرگرتنی ئەم بابەتە زیندووە..

**بۆپێشەوە: زوربەی خەڵکی عێراق و کوردستان بڕوایان بە حزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان نەک نەماوە، بەڵکو لێیان بێزارن و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ڕاماڵینیان، چۆن دەکرێت کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو حزبانە بهێندرێت؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** بەڵێ هەروەک خۆتان دەڵێن، تەواو دروستە، کەخەڵکی کوردستان زۆر بێزارو تووڕەن لەم دەسەڵاتەی هەرێم و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن، کە ڕایان بماڵن! بەڵام پێش ئەوەی بگەڕێین بەدوای ئەوەدا، کە چۆن کۆتایی بەم دەسەڵاتە بهێنرێت، دەبێ بزانین کێشە بنەڕەتیەکانی خەڵکی کوردستان چییە؟! دەسەڵاتی ئەم حیزب و بنەماڵانە، چۆن توانیویانە ٣٠ دانە ساڵ درێژە بەتەمەنی بدات؟!!

بنەمای مانەوەی ئەم دەسەڵاتە، دەستبەسەرداگرتن و قۆرخکردنی تەواوی سەروەت وسامانی کوردستانە، کە کەمینەیەکی ملیاردێر هەموو قووتی خەڵکی بێمووچە، بێکار و برسی کوردستانیان لەژێر دەستدایە.!

ئەم دەسەڵاتە قەومی- ئیسلامییە جگە لە هێزی زەبەلاحی سەربازیی و چەکداری بنەماڵەیی و سیخوڕی کە بەدژی ژنانی ئازادیخواز ویەکسانیخواز و بۆسەرکوتی کرێکاران وخوێندکارانی ناڕازی بەکاریان دەهێنێ، میدیایەکی زەبەلاحیشی، خستووەتە گەڕ لەپێناو فووتێکردنی مەسەلە قەومیی ودینی وکۆنەپەرستیەکانەوەو.!

هەموو ئەو پیرۆزکردنە بێ بنەماکانی نەتەوەو دین و ئاڵاکەشی، لەپێناو جووڵاندنی ئیحساساتی خەڵکیدا بووە، تا بیانکاتە هێزی پشتیوانیکردن لە حیزب و بنەماڵە و دەسەڵاتی بەناو حکوومەتی هەرێم و لەوێوە درێژەدان بەتەمەنی نەگریسی خۆی.

**بۆپێشەوە: درەنگ یان زوو خەڵکی عێراق و کوردستان دەست دەبەن بۆ ڕاپەرین و شۆرش، سەرکەوتنی ڕاپەرین و شۆرش، لە گرەوی چیدایە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** کەواتە لەپێناو کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە و دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ژیانێکی ئارام، دوور لەو هەمووسەرکوتگەرییە، تێگەیشتنە لەو باروودۆخە سەختە، و هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک، کە چیتر سەرمایەداران و مفتەخۆران ژیانی ملیۆنەها ئینسانی ئەم کوردستانەیان بەدەست نەبێت.

بۆیە بە پشتبەستن بەو تێگەیشتنەی کە لەوەڵام بە پرسیاری یەکەمدا زۆر بەکورتی ڕوونم کردەوە، دەتوانم لەوەڵام بەپرسیاری دووەمتاندا ئەوە بڵێم؛

کە تاکە زەمانەتی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕش، تەنها یەکگرتوویی هاتنەمەیدانی هێزی ملیۆنیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانە.

> **بەبڕوای من تاکە ئەڵتەرناتیڤی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە، تەنها و تەنها هاتنە مەیدانی دەسەڵاتی یەکگرتوانەی خودی ئەو خەڵکە کرێکار و زەحمەتکێش و دامەزراندنی سیستەمێکی ئازاد و یەکسان، سیستەمێکی سۆشیالیستیە کە تیایدا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، ژنان وپیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە ڕێگای یەکەکانی بەڕێوەبردنی خۆیانەوە، تەواوی کۆمەڵگە ئیدارە بدەن**

ئەوە ڕاستە، کە خەڵکی کوردستان لەدژی نەبوونیی مووچە و گرانیی و بێکاری و برسیەتی، خوێندکاران لەدژی دۆخی خراپی ژینگەی خوێندن، نەبوونی دەرماڵە و پێداویستییەکانیان دەیان وسەدان جار ڕژاونەتە سەرجادەکان، کەچی دەسەڵاتیش جگە لەوەی زۆر خەم سارد بووە و تەواوی داواکارییەکانی خەڵکی پشتگوێ خستووە!

لەهەمان کاتیشدا تەواوی هێزە چەکدارەکانی بەدژی خەڵکانی ناڕازی و خۆپیشاندەران بەکارهێناوە، دەیان کەسی کردووەتە قوربانیی لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیدا کە لەئاکامدا لەگەڵ چەندین وەعدە و وەعیدی پڕ لەدرۆ توانیویەتی دووبارە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات.

بەڵام لەپێناو بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆڕشدا، تاکە ڕێگە هاتنە میدانی هێزی یەکگرتووانەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشە بەدژی ئەم دەسەڵاتە.

دروست ئاوایە، لەکاتێکدا ژنانی ئازادیخواز ویەکسانیخواز بەدژی سەرکوتی کۆنەپەرستانە دێنە مەیدان، ئەوا نەک هەر گرنگە، بەڵکوو پێویستییەکی حەتمییە، کە پیاوانی ئازادیخواز بۆ تەواوکردن و بەهێزکردنی ئەو نارەزایەتیانەی ژنان بێنە مەیدان وببنە پشتیوانییەکی بەهێز.

هەروەها ئەو کاتەی خوێنکاران لەسەر جادەن، پێویستیان بە پشتیوانیی جیددی دایک باوکانێکە، کە بێ مووچە و بێکار وکەمدەرامەتن و ناتوانن ژیانی خوێندنی ڕۆڵەکانیان دابین بکەن.

لەهەمان کاتیشدا، خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی کرێکاران و فەرمانبەران و خانەنشینان، پێویستیی جیددییان بە پشتیوانیی خوێندکاران و گشت توێژە زەحمەتکێشەکانی تر هەیە، تا ببنە زەمانەتی بەدەستهێنانی ئەو خواستانەی، کە کۆی ژیان و گوزەرانی هەموویانی پێوەبەندە، بکات.!

ئەمە یانی تاکە ڕێگەی زەمانەتی بەسەرکەوتن گەیاندنی شۆڕش□ جگە لە تێگەیشتن وهوشیاریی چینایەتیی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بە بەرژەوەندییەکانی خۆی و هاوپشتی و یەکگرتوویی وبەردەوامیان بەونارەزایەتیە چینایەتییانە، هیچی تر نییە!

**بۆپێشەوە: ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی ئێستا چ سیستەمێکە؟ بە واتایەکی تر دەبێ چ سیستەمێکی سیاسی جێگەی دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** ئەو کاتەی زۆربەی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان، بەدژی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر و قەومپەرست هاتنە مەیدان، بڕوایان وابوو کە ئەگەر ڕژێمی ڤاشیی بەغدا بڕووخێت، ئیتر لەسایەی دەسەڵاتێکی کوردیدا، ژیانێکی ئاسوودە و ئارام، دوور لەهەر سەرکوت وهەلاواردنێک وتێر وتەسەل فەراهەم دەبێت!

بەڵام ئەوە ماوەی سی ساڵە، ئەم بزووتنەوە ودەسەڵاتە قەومی – ئیسلامییە، بەخەڵکی کوردستانی سەلماند کە ئەو بیرکرنەوەیە، تەنیا وەهمێک وپەرچە کردارێکی سەرکوتگەرییە قەومی وفاشیستانەکەی ڕژێمی بەغدا بوو!

بۆیە بەبڕوای من تاکە ئەڵتەرناتیڤی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە، تەنها و تەنها هاتنە مەیدانی دەسەڵاتی یەکگرتوانەی خودی ئەو خەڵکە کرێکار و زەحمەتکێش و دامەزراندنی سیستەمێکی ئازاد و یەکسان، سیستەمێکی سۆشیالیستیە کە تیایدا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، ژنان وپیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە ڕێگای یەکەکانی بەڕێوەبردنی خۆیانەوە، تەواوی کۆمەڵگە ئیدارە بدەن و هیچ کەس بەعنوانی ژن بوون، غەیرەکورد بوون سوکایەتی پێ نەکرێت وسەرکوت نەکرێت، چیتر کەمایەتیەکی ملیادێر و ملیۆنەهاش برسی نەکرێن.!

> **بنەمای مانەوەی ئەم دەسەڵاتە، دەستبەسەرداگرتن و قۆرخکردنی تەواوی سەروەت وسامانی کوردستانە، کە کەمینەیەکی ملیاردێر هەموو قووتی خەڵکی بێمووچە، بێکار و برسی کوردستانیان لەژێر دەستدایە...**

**کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە، دامەزراوە...هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...**

## درێژەی....جەنگ لە ئۆکرانیا، بەوێنەی گۆشەیەك لە جەنگێكی فراوانتر ...

ئەوروپا و یاساغ بوونی خوێندنی ئەدەبی دیستۆفیسکی دەکرێت. تیپە وەرزشیەکانی رووسیا لە خول و پاڵەوانیەتیەکان دەردەکرێن، بە تیپەکانی منالانیشەوە. تا دەگات بەوەی پشیلەی پەروەردەکراوی روسی بۆ پێشبرکێی، رێگەی لێدەگیرێت. نەستە لەو پاکەتی جگەرەی ئەمریکی، کۆمپانیاکانی فرۆشتنی خۆراک...تاد، فرۆشتنیان بە روسیا رادەگیرێت. لەوەلامی پەیامنێرەکاندا، سەبارەت بە ئاوارەکانی ئۆکرانیا، بەچاوی سوک، ئینسانی پلە دوو مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکرێت و جوداسازی، برەو پێدەدەن. لە روسیادا خۆپیشاندانی جەماوەری بە دژی جەنگ رووبەرووی سەرکوت دەبێتەوە. لە ئۆکرانیا، خەڵکی سفیل دەکرێنە قەڵغانی بەرگری. ژێرخانی ئابوری ئۆکرانیا و تەنانەت خەڵکی سفیل دەدرێنە بەر بۆمباران و ساروخەکان. ئابلۆقە دەخرێتە سەر خۆراک و پیداویستییە ژیارییەکانی هاولاتیانی روسیا، ئەمانە هەموویان جێگەی ئیدانەی توندی بەرەی ئینساندۆست و ئازادیخواز و بەکردەوەی دژە جەنگن.

بۆ رەوایەتی بەخشێن بەجەنگ، باس لە رژێمەکان نییە، بەڵکو دژە روسی بوون لە ئەمریکا و ئەوروپادا، لەلایەن ژۆرنالیزم و میدیای موچەخۆرەوە، بەکەلتور دەکرێت، بزوتنەوەی دژە شەر، بەمانای بزوتنەوەی دژە روسیایی لەقاڵب دەدرێت. دەزگا راگەیاندنەکان کە بە ئەندازەی موشەک و چەکە وێرانکەرەکان، وێرانکاری دەکەن، کۆمەڵگە و چینی کریکاری وڵاتەکانیان لە ژێر ناوی بەرگری لە نیشتیماندا، کردۆتە زەخیرەی پشتیوانی لە بۆرژوازی وڵاتەکانیان و برەو بە ناکۆکی لەنێوان چینی کرێکاری وڵاتەکان دەدەن. بەپێچەوانەی جەنگ و ملهوری ئەمریکا بۆسەر عێراق، بزوتنەوەی دژە شەر، کە هەموو جەمسەرەکانی شەرەکە و رەوەندە کۆنەپەرستانە و ئامانجە دژە ئینسانیەکانی بەشێوەی گشتی ئیدانە بکات، لە ئارادا نییە. ئاسەواری جەنگەکە بۆتە مایەی چوونەسەری خیرای نرخی کەلوپەلەکان بەتایبەتی خۆراک و سوتەمەنی. ئەمە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و خەڵکی نەداری رووبەڕووی سەختیەکی زۆر کردۆتەوە.

ئەگەر پێشوتر رۆژهەڵاتی ناوەراست میلیتاریزە کرابوو، ئێستا ئەو میلیتاریزمە بەرەو ئەوروپا دەکشێ و بوجەی خەیاڵی بۆ خۆپرچەک کردن و لە نێویاندا، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی خواستی بێئەندازەی لەسەرە.

ریکخراوەی ناتۆ، کە بانگەشەی رێکخراوەیەکی سەربازی بەرگری دەکات لە خۆی و لە ئەندامەکانی، بە درێژایی هەڵوەشانەوەی حلفی وارشۆ و دیواری بەرلین، نە کەس هێرشی کردۆتە سەری و نە هیچ وڵاتێکی ناتۆ کەوتوتە شەرەوە تا ناتۆ بەرگری لێ بکات، لە جێگای ئەوە ڕیکخراوەی ناتۆ بۆتە رێکخراوەیەکی هێرش بەر، ماشێنێک بەدەست ئەمریکاوە بۆ هێرش بۆسەر هەر وڵات و دەوڵەتێک کە دەرگیری ئەزمە بووە یان بۆتە رێگایەک بۆ ملهوری نواندنی ئەمریکا. تەنانەت ئەندامانی ناتۆ لەچەشنی تورکیا، بۆتە دڕندەترین هێزی ناوچەکە و لە یەک کاتدا لەچەند شوێنی دنیا، هێرش و دەخالەت دەکات.

بەکورتی ئەوجەنگەی کە بە هێرشی روسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، دەستی پێکرد، سەرەتای پێنانی ئینسانە بۆ ناو دەورەیەکی نوێ. دەورەیەک کە ئاوسە بە ئاڵوگۆریکی ریشەیی لەسەرتاسەری دنیادا. روسیا دەیەوێت بگەرێتەوە بۆسەر شانۆی نێو دەوڵەتی و لەو نێوەشدا بەهرەبەرداری لە شکستە یەک لەدوای یەکەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و پشتیوانی چین دەکات. ئاییندەی ئەم جەنگ و ململانێی جیهانییە رۆشن نییە، ئەوەی رۆشنە لەو نیوەدا چینی کریکار و جەماوەری بێبەش لەسەراسەری دنیادا، قوربانیانی یەکەمی ئەم جەنگە ئیمپریالیستیە دەبن، کە لایەکەوە ئەمریکا و غەرب و ناتۆ وەستاون لە لەلایەکی ترەوە روسیا و چین و هاوپەیمانەکانیانن.

ئەم ململانێ فراوانە و ئەو جەنگ خوازی و ملهورییەی بۆرژوازی بۆ سەرلەنوێ ئارایش دانەوەی تازەی دنیا، بە تەواوی وەکو رەوەندێکی کۆنەپەرستانە و دژە ئینسانی مەحکومە و تەنهاو تەنهاش بەرگرتن پێی هاتنە مەیدانی چینی کرێکاری ریکخراوە، لەچوارچێوەی ریزێکی چینایەتی سەربەخۆدا کە بەرژەوەندی سەراسەری چینی کریکار، مەبنای بێت و وەکو بلۆکێکی سەربەخۆ لەدژی هەردوو بەرە و جەمسەری ململانێکەو قوتبەکانیان، رابوەستێت.

**ناوەراستی ئازاری ٢٠٢٢**

## درێژەی دوا وتە

کۆنەپەرستانەی عێراق و ئێراندا، دەکرێنە نیشانە.

لایەنێکی تر و تایبەتمەندیەکی تر... ئەوەیە هێز و دەوڵەتەکانی دنیا، بە بانگەشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە، لە کیمیایی هەڵکێشانی شارێکیان بە بێدەنگی سپارد، لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانیان، لەگەڵ رژێمی بەعسی دڕندەدا. لەوەش زیاتر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەدوای بەڵگەدا دەگەڕێن، تا بۆیان بسەلمێت رژێمی بەعس چەکی کیمیایی!! بەکارهێناوە.

هەڵەبجە لەنێوان ئەو لایەنانەدا، بووە قوربانی، چەند لایەنێکی دڕندە، دژە ئینسان دۆست و ژین و دۆست... دوای ئەوەش کە هەڵەبجە لە غاز هەڵکێشراو بە هەزاران ئینسان گیانیان لێ سەندرایەوە، دار و بەرد و ئاو دارو درەخت و کەش و کێو سروشتی، ژەهراوی کرد... مویەک لە جەستەی ئەو لایەنانەی بەشداری ئەو تاوانکارییە کەم وینەیەی مێژوو بوون، نەک نەجولا، بەڵکو ئەم تاوانکارییەیان درێژە پێدا و بەگیانی کیشانی هەزاران ئینسان، تێری تاوانکاری نەبوون. بەعسیەکان خۆیان بەسەرکەوتوو دەزانی و بەدوای ئەو تاوانکارییەدا دەیان شوێنی تریان کیمیاباران کرد و ئەنفالیان ئەنجامدا... هێزە کوردییەکان و بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی و پیاوە بەرپرسەکانی، دەستیان لە تالانی و تاوان نەپاراست و دەست و پەنجەی جەستەی مردویان بۆ موستلە بڕی، گەردنی ژنانیان گیانبەختکردوویان بۆ ملوانکەی مل و گوێچکەیان بۆ گوارە، زامدار کرد. پاشان لەگەڵ هەڵوەراندنی فرمێسکی درۆینەدا، دۆسیەی هەڵەبجەیان کردە فایلێک بۆ سات و سەوداو سواڵ و کۆکردنەوەی پارە، کردیانە دۆسیەیەک بۆ سات و سەودا لەگەڵ بەعسی کیمیایی رێژدا، دواجاریش لەزمانی خۆیانەوە رایانگەیاند کە ئاخیان بۆ "بۆ چەند هەڵەبجەی تر" هەڵکێشا تا بەدنیا بناسرێن.

ئەمریکا و غەرب، کە درۆی بەرگری لەمافی ئینسانیان، گوێ کەڕ کەرەیە، تا نەکەوتنە ملهوری نواند و وەرێخستنی جەنگ لە عێراقدا لە دژی سەرە دیکتاتۆری عیراق سەدام حسێن... کیمیابارانی هەڵەبجەو تاوانەکانی ئەم رژێمەیان بەرەسمی نەناسی و بێدەنگەیان لێکرد.

هەموو ئەمانە تایبەتمەندییەکی زۆری بەخشیوە بە تاوانی هەڵەبجە... جەلادەکان، جەلادتر بوون، تاوانەکانیان زۆرتر بوو. بەعس تا گۆڕ بەگۆڕ بوو، ماشێنی درندەیەکەی بەردەوام بوو. حزبە بۆرژوازییەکانی کورد کە ئۆپۆزیسیۆن بەعس بوون، بوونە میراتگری بەعس و لەیەکەم جەولەی شەڕی ناوخۆیاندا ئەگەر کیمیایان هەبوایە لەشەری دەسەلاتیاندا بەدژی یەکتری بەکاریان دەهێنا، هەر لەوشەرەدا بەهەزاران ئینسان کوژران و بەدەیان بەدیلی کوژران و بەسەدانیان تا ئێستا دیار نییە لە کوێ ژێرخاک خراون و تەنانەت تەرمەکانیان نەداوەتەوە بە خانەوادەکانیان... هەروەها دەستیان لە نۆکەر پیشەیی نەک هەڵنەگرتووە بەڵکو دابەشی سەر دوو رژێمی درندەی دژە ئازادی و خەڵکی کوردستان بوون و لە پێشبرکێی خۆشخزمەتیدان.

بەجیا لەهەموو ئەمانە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد زیاتر لە ٣٠ ساڵە دەسەڵات بەدەستی کوردستانە، ئەو دەسەڵاتە بۆتە میراتگری بەعس... نەک باسێک لە قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە و قوربانیانی نییە، نەک هەولێکی بۆ جیۆساید ناساندنی نییە، نەک بیرێک بۆ سارێژکردنی ئەو زامە قوڵەی نییە، بەڵکو بۆتە درێژە پێدەری پەیامی بەعسیەکان. ئەگەر پێشووتر بەعسیەکان لاوان و خەڵکی ناڕازیان بە زەبری هێزو دەزگا سەرکوتگەرەکانیان، سەرکوت دەکرد، ئێستا خۆیان ئەم کارە دەکەن. خەڵکێک کە بۆ نان و ئاو خزمەتگوزارییەکان و بۆ موچە و بەدژی گەندەڵی دێنە مەیدان، دەدرێنە بەر دەستدرێژی گوللەی هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی. لەو نێوەدا بەدەیان لاوی دڵ پڕ لەهیواو ئازادیخواز ئەمجارە بەدەستی بەڵتەجیەکانی کوردایەتی کوژراون،

ئێستا کە یادی ٣٤ ساڵەی یادی ئەو کۆمەڵکوژییەی هەڵەبجە دەکەینەوە، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، رووبەڕووە لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، رووبەڕووە لەگەڵ بزوتنەوەیەک کە بەکردەوە و بەباجێکی قورس بۆیان سەلما، کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، کۆپی دەسەڵاتی بەعسە، درێژەپێدەری دەسەڵاتی قڕکردن و سەرکوت و بێمافییە.

کۆمەڵکوژی هەڵەبجەو هەموو تاوانەکانی رژێمی بەعس بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان، تێکەڵ بووە لەگەڵ تاوانی دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی... خەڵکی کوردستان بەگشتی تەنها لەسەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانیانیاندا لە ریزی سەربەخۆ و لەدەوری ئاسۆیەکی شۆرشگێرانەدا کە ئینسان بەنرخترین سەرمایە بێت...دەتوانێت هەوڵەکانی بۆ سارێژکردنی برینی قوڵی هەڵەبجە و تاوانەکانی بەعس و بزوتنەوەی کوردایەتی کەمێک سارێژ بکات و لانی کەمی قەرەبووی قوربانیان بداتەوە. بەکورتی ئەوەی کە دەتوانێت کەمێک لەو برینە هەتوان بکات... تەنها دامەزراندنی دەسەلاتێکی پشتبەستوی جەماوەرییە، کە بتوانێت ئازادی و ژیانێکی تەسەل و خۆشگوزەران بۆ هاولاتیان زامن بکات.

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

گوڵزار عەلی، شەمال بارەوانی، سەردار عەبدوڵا حەمە، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر،ئەنوەر نەجمەدین، شنە بابە عەلی، حەکیم میرزا،عوسمان محەمەد، کۆسار ئەحمەد، ئارام حەسەن ...

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"پرسی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق"دا...**

## مەملەکەتی تابووت.. شەماڵ بارەوانی



ئازیزەکەم
ئێرە دەڤەری بڤەو
مەملەکەتی تابووتە

ئێرە سنوری نەریت
و
دوورگەی زەقنەبووتە

لێرە
ڕۆژ نییە خوێنی دوو ئاشق
نەڕێژن
و
تەرمی دوو لێو بەتاوانی ماچ
نەنێژن

لێرە
لێناگەڕێن گوڵی ئامێز
چرۆ بکات
و

کەس لە زاراوەی ئیشق
تێناگات

لێرە
هەر دەیجورە دادەگیرسێت
و
هێشووی تریفەی مانگەشەو
هەرگیز پێ ناگات

لێرە
گوڵەکان بە گەنجی سەردەنێنەوە
و
وەرزی بەهار بەکاڵی دەکوژێتەوە

خۆشەویستی لەسەر نووکی چەقۆ
ڕێ دەکات
و
مۆرکی مەرگ بۆ ئاشقان
دەبرڕێتەوە

ئازیزەکەم
ئێمە لە ناو قەفەزی
مەزهەب و
لەکیشوەری
خێڵین

وەرە باچیتر
شەتڵی گریان
لەزێدی عەزابا نەڕوێنین
و
کێڵگەی خەم نەکێڵین

وەرە با
ئەم فەسڵی هەڵوەرین
و
مەوتنەی زام
جێ بێڵین


وەرەبا لێ نەگەڕێین چیتر
پەڕەی دەفتەری خەندەکانمان
بە تیغی فرمێسك
کون بــێ

وەرە با بڕۆین
بۆ دوور دوور
و
ناونیشانمان
لەو نیشتمانەی سەراب
ون بــێ..

## دوا وتە

# هەڵەبجە ئەو برینە قوڵەی سارێژ نابێت...

**عەبدوڵا مەحمود**



سەرکوت و سیاسەتی داپڵۆسین و لەناوبردنی نەیارانی سیاسی رژێمی بەعس، لەکەس شاراوە نییە... ئەوەی لە ناو ئەو تاوانکاریانەی بەعسدا، جێگای زۆر تایبەتیان هەیە قڕکردنی بە کۆمەڵی ئینسان و جینۆسایدکردنی ئینسانە. لەو نێوەدا پرۆسیسی ئەنفال و کیمیاباران، دوو تاوانکاری زۆر تایبەتن، لەکۆمەڵ کوژی، کە لەبیر ناچنەوە.

دەسەڵاتە دیکتاتۆر و سەرکوتگەرەکان... لە بەرامبەر بە نەیارانیان دەست بۆ زەبرو زەنگ و سەکوت و زیندان و داپڵۆسین دەبەن، نارەزایەتییە جەماوەی و خۆپیشاندانەکان دەدەنە بەر دەستڕێژی گولله، ڕاوەدونان و زیندان تا دەگات بە لەسێدارەدانی نەیاران بەدەستەوە دەگرن، دنیا شاهیدی ئەو ڕژێمانەیە کە هەموو دەنگێکی ئازادیخوازانەو نەیار بەدەسەڵاتی سیاسییان پاکتاو دەکەن.

ئەنفال و کیمیاباران، تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کەم رژێم لەدنیادا هەیە، لەچوارچێوەی وڵاتەکەی خۆیدا، هاوڵاتیان کۆمەڵکوژ و قڕ بکات. رژێمی بەعس، یەکێک لەو ڕژێمە دەگمەنانەیە، کە بەجیا لەسەرکوتی بێ پەردەی سیاسی و کلۆم دانی هەموو پەراوێزەکانی ئازادی... دەستی برد بۆ کۆمەڵکوژی، ئەنفال و کیمیابارانی هاوڵاتیانی نەک لە گۆشە دوورو دەستەکان، بەڵکو لە ناوجەگەی و قوڵایی شارەکاندا دەست بۆبرد، هەڵەبجە ئەو شارەیە کە کیمیاباران کرا.

هەروەها کەم هێزی ئۆپۆزیسیۆنی نەیاری دەسەڵاتی ڕژێمە سەرکوتگەرەکان هەیە، سیاسەتێک هەڵبژێرێت کە بزانێت هاوڵاتیانی قڕ دەکرین و کۆمەڵکوژ دەکرێن. ئەمە تایبەتمەندیەکی تری کۆمەڵکوژی هەڵەبجەیە. کە هێزە بۆژوازییە کوردییەکان بەتایبەتی یەکێتی کەباش دەیانزانی و پێشتر بە دانپیانانی خۆیان ئاگادارکراون ئەگەر ببنە بەشێک لە هاوکاری رژێمی ئیران، ئەوا رژێمی بەعس دەست دەبات بۆ قڕکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. کەچی یەکێتی لە جیاتی ئەوە بەرگری لە سەلامەتی هاوڵاتیان بکات و هۆکار و پاساو نەداتە دەستی رژێمی بەعس، بەپێچەوانەوە دەبێتە پێشلەشکری هێزەکانی ئێرانی سێدارەو ئیعدام و باکی بە هاوڵاتیانی خۆی نییە... هاوڵاتیانی هەڵەبجە لە نێوان بەرداشی رژێمی بەعس و پێش لەشکری یەکیتیدا، لە جەنگێکی سەراپا

بۆ لاپەڕە 13

# ماریا چرایەك لە شارستانیەت بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح...

